حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی گەرمیان- کۆلێجی پەروەرد
بەشی مێژوو

# ڕۆڵی پیاوانی ئاینیی لە شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨-١٩٨٠)

توێژینەوەیەکە خوێندکار:

سارا أكبر ڕحيم كرده

پێشکەشی کردووە بە (بەشی مێژوو- کۆلێجی پەروەردە)ی زانکۆی گەرمیان وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی(بەکالۆریۆس) لە زانستی مێژوودا

سەرپەرشیار:

م.ی سنەوبەر سەردار ستار

٢٠٢٠زاینی

٢٧٢٠کوردی

بسم الله الرحمن الرحيم

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا

**سورة الأحزاب: الاية ٣٦**

**پێشکەشە بە:**

دایك و باوکی ئازیزم.

سەرۆکایەتی بەشی مێژوو- زانکۆی گەرمیان.

بەرێز (م. سنەوبەر سەردار ستار).

**سوپاس و پێزانین:**

_سوپاس و ستایشی زۆر بۆ خوای گەورە کە ئەو توانا و وزەیەی پێبەخشین کە ئەم توێژێنەوەیە ئەنجام بدەم.

_سوپاسی تەواوی خانەوادەکەم دەکەم کە پاڵپشت و هاوکارم بوون لە بە جێگەیاندنی ئەرکەکان.

_سوپاسێکی زۆرم بۆ بەرێز (م. سنەوبەر سەردار ستار) کە سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆ گرت.

_سوپاسی زۆرم بۆ (م. سەرکەوت تۆفیق) کە لە پێدانی سەرچاوە و زانیاری هاوکارم بوو.

_سوپاسی زۆرم بۆ هەردوو بەرێز (م. سنەوبەر سەردار ستار) و(سۆما تارق) کە لە تایپکردنی توێژینەوەکەم زۆر هاوکارم بوون بە پێدانی زانیاری.

_سوپاسی زۆرم بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بە دێرێکش بووبێت هاوکارم بوونە.

_سوپاسی ئەرك وماندوبوونی فەرمانبەرانی کتێبخانەی (کۆلێج و ناوەندی زانکۆ، کتێبخانەی گشتی کەلار) دەکەم.

_سوپاسی تەواوی مامۆستایانی بەشی مێژوو ئەکەم کە ئەگەر بە دێڕێکیش بێت هاوکار و پشتیوانم بوون بۆ تەواوکردنی توێژێنەوەکەم.

# کورتکراوەکان

| کورتکراوەکان | وشەکان |
|---|---|
| و | وەرگێڕ |
| ه. س | هەمان سەرچاوە |
| س. پ | سەرچاوەی پێشوو |
| ب.ش | بێ شوێن |
| ب. س | بێ ساڵ |
| چ | چاپ |

# ناوەرۆک(پێڕست)


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | قرأن الكريم | أ |
| ٢ | پێشکەش | ب |
| ٣ | سوپاس و پێزانین | ج |
| ٤ | لیستی کورتکراوەکان | د |
| ٥ | ناوەرۆک پێرس | ٥ |
| ٦ | پێشەکی | ١-٤ |
| ٧ | بەشی یەکەم: دۆخی ئێران پێش شۆڕش و هۆکارەکانی ڕوودانی شۆڕشەکە | ٥-٢٠ |
| ٨ | تەوەری یەکەم: بارودۆخی ئێران پێش شۆڕش | ٥-١١ |
| ١٠ | تەوەری دووەم: هۆکاری ڕوودانی شۆڕشەکە | ١٢-٢٠ |
| ١١ | بەشی دووەم: ڕۆڵی لایەنە جیاوازەکان لە شۆرشەکە و کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوچەکە | ٢١-٤٩ |
| ١٢ | تەوەری یەکەم: ڕۆڵی پیاوانی ئاینی لە شۆڕشی گەلانی ئێران | ٢١-٢٨ |
| ١٤ | تەوەری دووەم: ڕۆڵی ڕێکخراوە ئۆپۆزسوێنەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران | ٢٩-٣٩ |
| ١٥ | تەوەری سییەم: کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوچەکە | ٤٠-٤٩ |
| ١٦ | دەرئەنجام | ٥٠-٥١ |
| ١٨ | لیستی سەرچاوەکان | ٥٢-٦٠ |

# بەشی یەکەم: دۆخی ئێران پێش شۆڕش و هۆکارەکانی ڕوودانی شۆڕشەکە

## باسی یەکەم: بارودۆخی ئێران پێش شۆڕش

## باسی دووەم: هۆکارەکانی ڕوودانی شۆڕشەکە

# بەشی دووەم:

## ڕۆڵی لایەنە جیاوازکان لەشۆڕشەکە و کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوچەکە

باسی یەکەم: ڕۆڵی پیاوانی ئاینی لە شۆڕشی گەلانی ئێران

باسی دووەم: ڕۆڵی ڕێکخراوە ئۆپۆزسوێنەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران

باسی سێیەم: کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوچەکە

حكومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی گەرمیان– کۆلێجی پەروەردەی

بەشی مێژوو

# فۆرمی پێشکەش کردنی توێژینەوەی دەرچوون

دەستنووسی کۆتای ئەم توێژینەوەیە کە خوێندکار ﴿سارا أکبر ڕحیم کوردە ﴾ نووسییەتی بەناونیشانی﴿ڕۆڵی پیاوانی ئاینیی لە شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨-١٩٨٠)﴾ پێویستیەکانی لێکۆڵینەوەی تەواو کردووە، بۆیە توێژینەوەکە دەخەمە بەردەست ئەنجوومەنی بەش، وەکو بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی بەکالۆریۆس لە زانستی مێژوو

سەرپەرشتیار:

م.ی. صنوبر سردار ستار

بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

م.ی .جمعه علی محمد هواس

سەرۆك بەشی مێژوو

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن وگفتوگۆ، ئەم توێژینەوەمان خویندەوە ولەگەڵ خوێندارکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کردووە بڕیارماندا بەوەرگرتنی.

ئەندام ئەندام سەرۆکی لیژنە

لەلایەن ئەنجومەنی بەشەوە پەسەندکرا

سەرۆک بەشی مێژوو

م. ی .جمعه علی محمد هواس

# پێشەکی

## خستنەروو ناساندنی بابەتەکە:

پێگەی جوگرافی و مرۆیی وڵاتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بایەخێکی گەورەی لای توێژەرانی هەموو بوارە جیاجیاکان هەبووە و هەر دەشمێنێت، ئەو وڵاتە گەرچی ڕووبەرێکی فراوانی هەیە و دابەشی سەر بازنەکانی پانی و درێژیی جوگرافی بووە، لە هەمان کاتیشدا لە ڕەوانگەی مرۆیی و ژیاریشەوە، جۆرەها گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێران گۆڕانکاریکی مێژووی گەورە بوو لە ناوچەکە بەتایبەتی و ڕۆژهەلاتی ناوراست بەگشتی، بەمەیش دەوڵەتێکی سیاسی ئاینی شیعی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست سەرهەڵدا ، کە دواتر هەژموونی گەورە و کاریگەریان دەبێت لە ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوراست ،ئەم شۆڕشە، شۆڕشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوو بە هەموو لایەن و پارتە سیاسیە ئاینیی و نا ئاینییەکان ئەگەرچی دواتر هەژمونی ئاینی خۆی بەسەر شۆرشکەدا زاڵ کردوو خۆی بە خاوەنی شۆڕشەکە زانی، کە دواتریش دەوڵەتێکی سیاسی ئاینیان دامەزاند، هەموو پێکەوە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوون لەیەک ئامانجدا کۆیاندەکردەوە ئەویش لە ناوبردنی موحەمد ڕەزاشا و سیستەمی شاهنشاهی بوو، ئەمیش لە ئەنجامی ئەو باردۆخە خراپەی دەوڵەت تێکەوتبوو، بەهۆی ئەو زڵم و ستەمەی کە شای ئێران دروستی کردبوو، هەروەها نەبوونی بەرنامە و پلانی گونجاوی دەوڵەت بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، هەروەها پشێووی ئابووری، لەلایەنی دەرەکی ئەوروپا و ئەمریکا بۆیان دەرکەوت کە چیتر شا ناتوانیت پارێزەری بەرژەوەندیەکانیان بێت، وە کۆتایی هاتنی نزیک بۆتەوە، بۆیە شانیان دایە بەرەی ئۆپۆزسیۆن، ئەوەبوو کە ئەنجامەکەی بە کۆتایی شا و گەڕانەوەی خومەینی لە ساڵی(١٩٧٩)، پەرەیەکی نوێ لە مێژووی سیاسی ئێران هەڵدرایەوە.

هەروەها ئایەتوڵا خومەینی وەک کەسایەتیەکی ئاینی سیاسی خاوەن نفوزێکی زۆر لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە هەڵگیرسان و سەرکەوتنی شۆڕشەکە، کە بەردەوام کارەکانی شای بە

ناڕەوا لە قەڵەم دەدا و شای بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە ڕێگا و ڕێبازی ئیسلام لایداوە.

## گرنگی و بایەخی توێژینەوەکە:

گرنکی ئەم بابەتە لەوەدایە تەرخانکراوە بۆ توێژینەوە لە بارەی (ڕۆڵی پیاوانی ئاینیی لە شۆڕشی گەلانی ئێران)، کە ئەم شۆڕشە لەو سەردەمەدا ڕووداوێکی گرنگ بوو چ بۆ ئێران وە چ بۆ تەواوی ناوچەکە، جگە لەوەی پیاوانی ئاینیی کە چەندین ساڵ بوو هێز و دەسەڵاتیان لەدەست دابوو جارێکی دیکە لە ڕێگەی ئەم شۆڕشەوە توانیان دەسەڵات بگرنە دەست.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە خستنەڕوو و شیکردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتەیە، کە خۆی لە هەموو ئەو چین و توێژ و پێکهاتانە دەبەنێتەوە کە ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە شۆڕشەکە وە بەتایبەتی ڕۆڵی پیاوانی ئاینیی.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە بۆ کارێکی ئەکادیمی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەرچەند لەم چەند ساڵەی دوایدا چەندین نامەی ماستەرو دکتۆرا و توێژینەوەی دیکە لەسەر مێژووی ئێران کراوە، بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەک کە بەوردی باس لەڕۆڵی پیاوانی ئاینیی بکات لەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران نەکراوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

هەوڵمانداوە لەم توێژینەوەیەدا بە پشتبەستن بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیی لە ڕوودا و پێشهاتەکان باسبکەین و لایەنە شاراوەکانی ڕوون بکەینەوە و بەشێوەیەکی بابەتییانە لەسەر بنەمای میتۆدی (وەسفی_شیکاریی) ڕاڤە و شرۆڤەی ڕووداوەکان بکەین.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە (دوو) بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەر بەشێکیش دابەش کراوە بەسەر چەند باسێکدا، لە بەشی یەکەمدا باسمان لە باردۆخی ئێران و هۆکارەکانی شۆڕشەکە کردووە، کە لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا ئاماژەمانکردووە بە دۆخی ئێران پێش شۆڕش، لە باسی دووەمدا تیشکمان خستۆتە سەر هۆکارەکانی ڕوودانی شۆڕشەکە.
بەشی دووەمانیش تەرخانکردووە بە ڕۆڵی لایەنە جیاوازەکان لە شۆڕشەکە، وە کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوچەکە، کە ئەم بەشەیش لە سێ باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا ڕۆڵی پیاوانی ئاینیمان لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا روونکردۆتەوە، لەباسی دووەم ئاماژەمان کردووە بەڕۆڵی ڕێکخراوە ئۆپۆزسوێنەکان لە بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، لە باسی سییەمیشدا باسمان لە کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوخۆی ئێران و وڵاتانی دراوسێی کردووە.

## سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە:

بۆ ئەم توێژینەوە پشتمان بە چەند سەرچاوەیەکی ڕەسەن بە زمانە جیاوازەکان بەستووە، سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکەش پێکهاتووە لە:

**سەرچاوە فارسیەکان:** یرواند ابراهامیان، ایران بین دوانقلاب از مشرط تاانقلاب اسلامی.

**سەرچاوە کوردیەکان:** لەوانەش: کتێبەکانی امال کامل السبکی: مێژووی سیاسیی ئێران لە نێوان دوو شۆڕش دا (١٩٠٦– ١٩٧٩)
محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی: وەڵامیک بۆ مێژوو بیرەوەرییەکانی شای ئێران، هۆشمەند علی محمود: ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد، (١٩٧٩– ١٩٨٩)، یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران.

## گرفتەکانی توێژینەوەکە:

بێگومان هەموو کارێکی زانستی گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە ئەم تویژینەوەیش بەدەر لە کەم و کورتی نییە ، یەکێک لە گیروگرفتەکان کەمی کات، چونکە توێژەر تەنها ماوەیەکی دیاریکراوی لەبەردەستە بۆ نوسینەوەی توێژینەوەکە، شارەزانەبوونمان لەزمانەکانی تر یەکێکی ترە لە گیروگرفتەکان کە زۆربەی سەرچاوەکان بەزمانی فارسیی بوون، کە بتوانین بەشێوەیەکی پێوست بەکاریان بهێنین بۆ دەوڵەمەنکردنی توێژینەوەکە.

## باسی یەکەم:
## بارودۆخی ئێران پێش شۆڕش

لەساڵی ١٩٢١ی ڕەزاخان بە کودەتایەکی سەربازی کە بە هاوکاری بەریتانیەکان دەستی پێکرد[١]، دەسەڵاتی قاجارییەکانی وەلانا و ساڵی ١٩٢٥ خۆی وەک شای ئێران و دامەزرێنەری زنجیرەی پەهلەوی ناساند[٢]، ئەمەش بوو بە سەرەتای هاتنە پێشەوەی بنەماڵەی پەهلەوی (کوڕ و باوک) پەنجاو هەشت ساڵ حکوومی ئێرانیان کرد، لە ماوەی دەسەڵاتەکەیاندا، گەلانی ئێران لە دەست سیاسەتەکانی ئەو بنەماڵەیە بێزاربوون و لە ئاکامی ئەو سیاسەتانەدا بوو، ڕەزاشا لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا زۆرداری گەیاندە ئەوپەری خۆی و شۆفێنیزمی ئیرانی کردە سیاسەتی فەرمی و نەتەوە نافارسەکانی ئێران خرانە ژێر توند و تیژترین ستەمی نەتەوایەتی و فەرهەنگ و کولتووری، ئەو نەتەوانە کەوتە بەر هێرشی سیاسەتی ئەو حکوومەتە شۆڤێنیستە و تەنانەت مێژووی نەتەوەکانیش کەوتە بەر دەستکاری کردن و ... هتد، ئەم سیاسەتەی ڕەزاشا بۆ ئەوە بوو وانیشان بدا کە لە ئێراندا تەنیا نەتەوەیەک هەیە و ئەویش فارسە.

لە ماوەی دەسەڵاتی ناوبراودا ناڕەزایەتی گەلانی ئێران گەیشتە ئەو پەڕی خۆی و خەبات و تیکۆشان دژی ئەو دەسەڵاتە لە سەرتاسەری ئێران سەریهەڵدا کە بە توندترین شێوە لە ڕێگەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو ڕژێمەوە سەرکوتکرا.[٣]

لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، ڕەزا شا لەبەر بەرژەوەندی ئەڵمانییەکان خۆی بە بێلایەن ناساند، بەڵام وڵاتانی هاوپەیمان(ئەمریکا، بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت) بۆ گەیاندنی یارمەتی بە بەرەکانی شەڕ دژی ئەڵمانیا لە سۆڤیەت، ئێرانیان داگیر

[١]- عبدالسلام عبدالعزیز فهمی، تاریخ ایران السیاسی فی القرن العشرین، مطبعە المرکز النموذجی بالجیزة، ١٩٧٣، ص٣٠.

[٢]- امال کامل السبکی، مێژووی سیاسیی ئێران لە نێوان دوو شۆڕش دا (١٩٠٦–١٩٧٩) ، و. شەماڵ ئەحمەد، چ١، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٢٠.

[٣]- هەرێم محمود، شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی، گۆڤاری مەودا، ژمارە (٢)، ئابی ٢٠١٥، ل١٥.

کردوو ڕەزاشایان لەسەر تەختی پاشایەتی لابرد[١]، و (حەمە ڕەزا )[٢] ی کوڕیان لە (١٦\ئەیلول\١٩٤١) لە جێگەی دانا[٣]، بەهاتنە سەر دەسەڵاتی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی دۆخی ئێران هیچ گۆڕینێکی ئەرێنی بە خۆیەوە نەبینی، بەڵکو ناوبراو بەهەمان شێوەی باوکی فەرمانڕوایەتی کرد، لە هەموو لایەنەکانی وەک:

**یەکەم/لایەنی سیاسیی:** حەمە ڕەزاشا هەر وەک باوکی، سیاسەتی شۆفێنیزمی فارسیی درێژە پێدا و لەو پێوەندییەدا چەندین جار نارەزایەتی گەلانی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێنا وەک هێرشی(ساواک)[٤] بۆ سەر ئازادیخوازان بە تایبەتی ئەندامانی حیزبە نەیارەکانی حەمە

---

[١]- ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئێراندا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٦٧-١٦٨.

[٢]- محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی: لە رێکەوتی (٢٦/ تشرینی یەکەم / ١٩١٩) لە دایکبووە، ساڵی ١٩٣٦ خوێندنی لە سویسرا تەواو کردووە ، بۆ ماوەی دوو ساڵیش کۆلێژی ئەفسەری لە ئێران خوێندووە ، لە دوای باوکی دەبێتە شای ئێران لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا، بە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە و ڕووخاندنی دەسەڵاتەکەی هەڵدێت و لە تەمەنی(٦١) ساڵیدا، لە ڕێکەوتی( ٢٧ / تەموز / ١٩٨٠) کۆچی دوایکرد و لە وڵاتی میسر لە تەنیش باوکی بە خاک سپێردرا. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی، وەڵامیک بۆ مێژوو بیرەوەرییەکانی شای ئێران، و. سەعید سەیدی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٣، ل٧؛ ئەشرەف پەهلەوی، دوو ڕووخسار لە ئاوێنەیەکدا، و. بەرهەم ناودەشتی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٨٤-١٨٥).

[٣]- سیروان کاوسی، کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی حەمە ڕەزا شای پەهلەویدا، ل٨.

[٤]- سازمان اطلاعات و امنیت کشور(ساواک): ئەم دەزگایە بەهاوکاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا لەرێکەوتی(٢٠/ئادار/١٩٥٧) دامەزرا بۆ ئەم کارانە، یەکەم: دەزگای هەواڵگری حەمە ڕەزا شا بوو کە چاودێری کەسایەتیە سیاسیەکانی ناوخۆی وڵاتی دەکرد، دووەم: چاودێری تەواوی نەیارەکانی دەوڵەتی دەکرد بە تایبەتی کەسایەتییە دیارەکان بۆ ئەوەی لە جمووجوڵەکانی ئاگادار بن، ئەوانەی کە بایەخێکی گرنگیان هەبوو لای دەوڵەت و بەووردی چاودێری دەکران، بەرپرسەکانیش (تیمور بەختیار، حسن پاکروان، نعمت الله نصیری، ناصر مقدم). بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:( سادقی شەرەفکەندی، هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، چ٢، کتێبی ئەرزان، سوید، ٢٠٠٤، ل٥٣).

ڕەزا شا وەک(حیزبی دیموکراتی کوردستان)[1]ی ئێران لە ساڵەکانی ۱۹۵۹ و ۱۹٦۳ و دەستگیرکردنی سەدان تیکۆشەری دیموکرات و سەرکوتی بێڕەحمانەی خەڵکی ئازادیخواز و هەرجوڵانەوەیەکی سیاسیی و قەدەغەکردنی حیجاب لە ناوچەی کوردستان.[2]
پاشان ناوبراو لەساڵی ۱۹۷٥ بەدواوە حیزبێکی دامەزراند بە ناوی(ڕستاخیز/ڕابوون)[3]، بەدامەزراندنی ئەم حیزبە تاک حیزبی لەوڵاتدا ڕاگەیاند، کە ئەمەش لە دژی کۆمەڵگە بوو، چونکە دروستکردنی ئەو حیزبە وەکو ڕاگەیاندنی جەنگ بوو لە دژی خەڵک کە وایکرد تووڕەیی خەڵک زیاتر بێت، چونکە پاشگەزبوونەوەیەکی تەواو بوو لەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دابوو.[4]
**دووەم/لایەنی ئابووریی:** شا لەماوەی حکومڕانیدا کۆمەڵێك سیاسەتی ئابووری گرتبووە بەر، لە کۆتایدا بووە هۆی خولقاندنی ناڕەزایەتییەکی

---

[1]- حیزبی دیموکراتی کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، لە ڕێکەوتی (١٦ / شوبات / ١٩٤٥) لە شاری مهاباد دامەزراوە بەرنامەی خۆی بڵاوکردۆتەوە، بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(عەبدولڕەحمان قاسملۆ، چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادیدا، کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب١، چ٢، ب. ش، ١٩٨٨، ل١٦).

[2] حسن زندی، هەردی مهدی میکە، اژی آزاد ابوبکر، کشف حجاب در مناط کردنشین ایران در دوره پهلوی اول (روند اجرا و پیامدنا)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی پێنجەم، ژمارە(١٥)، کانونی یەکەمی (٢٠١٨) ل١٧٨٧.

[3]- حزبی ڕستاخیز: ئەو پارتە بوو کە محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی لە ساڵی ١٩٧٥ هەستا بە داخستنی هەموو پارتەکانی ئێران و لە بری ئەوە یەك پارتی دروستکرد بە ناوی پارتی(رستاخیز ملت ایران) پارتی ژیانەوەی نەتەوەی ئێران، کە خۆی سەرۆکی ڕاستەوخۆی ئەو پارتە بوو، ئەندامەکانی زۆربەیان لە پیاوانی دەوڵەت و فەرمانبەران بوون، هەرکەسێکیش پێچەوانەی بۆچوونەکەی بوایە ئەوا پاسپۆرتەکەی لێدەسەنرایەوە و دەبوو ئێران بەجێ بهێڵێت. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(قاسم العجرش، رستاخیز ملت ایران، http://burathanews.com/news/184086.html ).

[4]- هۆشمەند علی محمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد(١٩٧٩– ١٩٨٩)، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٩.

بەهێز لە دژی[1]، هەروەها چەندین جەنگ لەسەر بازرگانی دەرەکی ئێران و کێشەی ئازوخە کەمی دانەوێڵە و چەندین هۆکاری تر وایکرد پشێوی ناسەقامگیری لە وڵاتدا بڵاوبێتەوە.[2]

**سێیەم/لایەنی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی:** سەبارەت بە لایەنی ئاینیی حەمە ڕەزا شا بەبێ گوێدانە پیاوانی ئاینیی واتە پەیڕەوانی مەزهەبی شیعە زەوی و زاری ئەوقافی دابەشدەکرد و دەستی بە سەرداگرت لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە لە سەردەمی ناوبراودا بە هۆی ئەو کەلتوور و فەرهەنگە ئەورووپییەی کە ئەو هێناویە ناو گومەڵگای ئێرانییەوە[3]، لە ڕێگەی زانکۆکانەوە کە بووە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەی ئێرانی هەروەها قەدەغەکردنی چارشێو لە ناوچەکانی ئێران[4] و هاتنە ناوەوەی ئافرەتان بۆ ناو کاروباری سیاسەت[5]، ئەم کارەی شاش چین و توێژە تەقلیدیەکان حەزیان لێی نەبوو واتا حەزیان لە نوێگەری نەبوو، چونکە پێیان وابوو ئەمە دژی بیرو باوەڕ و داب و نەریتیانە بۆیە ئەمە ببوە هۆکارێک بۆ دژایەتی شا[6]، کە ئەم کارەی ناوبراو هەمان کاردانەوەی هەبوو کە پیاوانی ئاینی دژی وەستانەوە لەکاتی دەسەڵاتەکەی ڕەزا شای باوکی بەتایبەتی دژی گۆرینی جل و بەرگی ژنان بوون.[7]

---

[1]- امال حمادة، الخيرة الايرانية الانتقال من الثورة الى الدولة، بيروت، ٢٠٠٨، ل٧٥.

[2]- یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئیران، چ١، چاپخانەی سیما ، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ١٩٢-١٩٣.

[3]- سنەوبەر سەردار ستار، شێخ عەزەدینی حوسەینی(١٩٧٩ – ١٩٨٩)، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١٦، بڵاونەکراوە، ل٣٥.

[4]- ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، خەلیل عەلی مراد، مێژووی ئێران و تورکیا، و. بەهادین جلال مستەفا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ل١٦٥.

[5]-فەریدە دیبا، کچەکەم فەرەح، و. سەمیر حسێن، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٣٨.

[6]- صادق زيبا كلام، الثورة الاسلامية في ايران الاسباب و المقدمات، ت. هويدا عزت عزت محمد، قاهيرة، ٢٠٠٤، ص١٠٧.

[7]- حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٤٢.

لە ساڵی ١٩٥٣شدا لەلایەن(محەمەد موسەدیق)[1] سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی وڵاتەوە، کودەتای سەربازی لێکراو ناچاربوو ئێران جێبهێڵێت، بەڵام زۆری نەخایاند دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بەهاوکاری هەواڵگری نهێنی لەپرۆسەیەکدا موسەدیقیان دەستگیرکرد.[2]

بەڵام دوای ئەنجامدانی کودەتای(١٩/ئاب/١٩٥٣) و کەنارخستنی دکتۆر محەمەد موسەدیق و دروستکردنی کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی فەزلولای زاهیدی و گەڕانەوەی محەمەد ڕەزا شا بۆ ئێران، هێدی هێدی دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی جێگیر کرد، بەمەش زەمینەی هەژاری و ناڕەزایی خەڵک فراوان دەبێت، ئەمەش دەبێتە سەرەتای سەرهەڵدانی داڕووخاندنی ئابووریی ئێران لە ساڵی ١٩٧٤ دا.[3]

دوای نائومێد بوونی حەمە ڕەزا شا و دامەزراندنی کابینەی سەربازی لە لایەن جەنەراڵ ئیزهاری، لە هەمان ڕۆژدا شا لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە وتارێک پێشکەش دەکات و دان بە هەڵەکانی ڕابردووی خۆی و ئیدارەدانی وڵاتدا دەنێت و سوێند دەخوات کە ئیدی هەڵەکانی ڕابردوو دوبارە نەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پشتگیری خۆی بۆ خۆپیشاندەران ڕادەگەیەنێت و باس لەوە دەکات کە پەیامی شۆڕش و ناڕەزاییەکانی ئەوانی بیستووە و بەڵێنی چاکسازی ڕیشەیی و لە ڕیشە

---

[1]- محەمەد موسەدیق: لە ساڵی ١٨٧٩ لەدایکبووە، سەر بە خانەوادەیەکی قاجاری ئەرستۆکراتی بوو، زانستە سیاسیی و داراییەکانی لە پاریس خوێندووە، پاشان لە سویسرا تەواو کرد بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئەنجومەنی نوێنەران پەرلەمانتار بوو، دژی تاج لە سەر نانی ڕەزا شا بوو، چونکە بە پێشێلکردنی دەستوری لە قەڵەمدەدا، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ قۆڵبەستکردنی و زیندانی کردنی، بەڵام دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزاشا لە ساڵی١٩٤١دا، دەستی کردەوە بەجموجوڵی سیاسیی و بەهەموو شێوەیەک هەوڵی خۆماڵی کردنی نەوتی ئێرانی دەدا، هەروەها لەساڵی ١٩٦٧ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە: (جەمال بابان، هەندێک دادوەری بەناوبانگ لە مێژوودا یاخود محاکەمەتی مەزن لە مێژوودا، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨١، ل١٩٢-١٩٣).

[2]- یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها، س. پ، ل٢٠٢.

[3]- هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چ١، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٤٥٠.

دەرهێنانی گەندەڵی و گەندەڵکاران دەدات[1]، ئیدی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوشی شارەکانی ئێران بە تەواوی ڕوو لە توندبوون دەکات و خۆپیشاندانەکان و مانگرتنەکان فراوانتر دەبن و فەرمانبەرانی وەزارەتەکان و کارمەندانی حکومی ماندەگرن، کۆمپانیای فرۆکەوانی نیشتیمانی گەشتەکانی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، دوکان و بانک و زۆربەی ڕۆژنامەکان دادەخرێن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕاستەوخۆ لە لایەن حکومەتی سەربازیەوە بەڕێوە دەبرێت، مانگرتنی کرێکارانی نەوت دەگاتە ڕادەیەک کە هەناردەی نەوت ڕابگیرێت، حەمە ڕەزا شا جارێکی دیکە فەرمانێکی نوێ دەردەکات و بەو پێیەش ڕێگە بەکرێکارانی کۆمپانیای نەوت دەدات کە بە پێی پێویستی ناوخۆ نەوت بەرهەم بهێنرێت[2]، بۆ ئەو مەبەستەش ئەندازیار مەهدی بازرگان ڕادەسپێرێت کە لیژنەیەک دروست بکات و بڕواتە خوزستان و سەرپەرشتی بەرهەم هێنانی نەوت بکات بە مەرجی ئەوەی کە یەکەم سەرباز و هێزە چەکدارەکان لە کێڵگە نەوتیەکان بڕۆنە دەرەوە، دووەم نەوت و بەرهەمەکانی تەنها بە پێی پێویستی ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت و هەناردە کردن ڕابگیرێت، سێیەم لەشکر و هێزە چەکداریەکانی دیکە بڕی نەوتی بەرهەم هێنراوی ناوخۆیی پاوان نەکەن و بۆ پێویستی گشتی بەکار بهێنرێت[3]، سەرەنجام حەمە ڕەزا شا داوا لە شاپور بەختیار کە ئەندامی بەرەی میلی بوو کرد کە حکومەت پێکبهێنێت و ئەویش بە چەند مەرجێک قبوڵی کرد کە بریتی بوون لە:

یەکەم: ئازادی چاپەمەنی.

دووەم: هەڵوەشاندنەوەی ساواک.

سێیەم: ئازادکردنی زیندانیانی سیاسیی.

چوارەم: گواستنەوەی موڵک و دارایی ڕیکخراوی دامەزراوەی پەهلەوی بۆ دەوڵەت .

---

[1]- بهرام افراسیابی، ایران و تاریخ، از کودتا تا انقلاب، چاپ اول، چاپخانه ارژنک، تهران، ١٣٦٤ه، ل٢٩٨.

[2]- پروێز بابای، مێژووی هاوچەرخی ئێران، و. ڕێبوار سەرتیب زەندی، چ١، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٥.

[3]- احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، مؤسسة امیر کبیر، تهران، ١٣٧٢، ل٢٠.

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی چاودێری شاهنشاهی کە وەک حکومەت لەنێو حکومەت، دەستی وەردەدایە تەواوی کارەکانی حکومەت.
شەشەم: خۆی مافی دیاریکردنی تەواوی وەزیرەکانی هەبێت.[1]
حەوتەم: شا گەشت بکات بۆ دەرەوەی ئێران، کە لە ڕاستیدا فەرەحی شاژنی ئێران هەڵوەشاندنەوەی دەزگای سیخوڕی ساواک بە زەبری کۆتایی دەزانێت کە لە پەیکەری ڕژێمی پاشایەتی ئێران درابێت[2] ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دوای ئەوەی ڕەوشەکە بە تەواوی ئاڵۆز دەبێت، سولیڤانی باڵوێزی ئەمریکا لە تاران سەردانی شا دەکات و داوای لێدەکات ئێران بە جێبهێڵێت، لەو کاتەدا سەیرێکی کاتژمێرەکەی دەستی دەکات و بە شا دەڵێت: "ئێستا ئێران بەجێ بهێڵیت، باشترە لەوەی کە کاتژمێرێکی دیکە دوابکەویت"، لە لایەکی دیکەشەوە بە وتەی فەرەحی هاسەری شا، ئەمریکا و بەریتانیا داوا لە شا دەکەن کە حکومەت ڕادەستی شاپور بەختیار بکات و ئێران بە جێ بهێڵێت.

[1]- فەرەح پەهلەوی، نهێنیەکانی شا و فەرەح، و. مەجید مارابی، چاپخانەی گەنج، چ١، سلێمانی ، ٢٠١١، ل٤٩٦.
[2]- فەرەح پەهلەوی، س. پ، ل٤٩٧.

## باسی دووەم:
## هۆکارەکانی ڕوودانی شۆڕشەکە

سەرەڕای هەبوونی ناڕەزایەتی و چەندین خۆپیشاندانی نێوچەیی، بەڵام حەمە ڕەزا شا، لە ڕەوشێکی تاڕادەیەک ئارامدا، پێدەنێتە ساڵی نوێی ١٩٧٨، دەزگا سیخوڕیەکانی ئێران، هەواڵی ئارامی و جێگیری سیاسیی ئەو وڵاتەیان بە پادشای وڵات دەگەیاند بە هیچ شێوەیەک باسکردن لەڕوودانی شۆڕش لەئارادا نەبوو، هیچ کەس لە ئێراندا پێشبینی ڕوودانی شۆڕشی نەدەکرد، تەنانەت باسکردنی ڕووخانی شا وەک بەزم و گاڵتە کردن سەیر دەکرا.[١]

بە هاتنی نەورۆزی١٩٧٨ کە هاوکات بوو بەسەرەتای ساڵی نوێی هەتاوی لە ئێران نارەزایەتیەکان تا دەهات فراوانتر دەبوون، شا هەوڵی دەدا لە ڕێگەی گۆرینی هەندێک لە بەرپرسەکان و تەنانەت خودی سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی کابینەی نوێ، مەودای ناڕەزایەتیەکان کەم بکاتەوەو سەرەنجام کۆنترۆڵی بکات، هەر بۆیە لە ڕێکەوتی (٢٨/ تەموز/١٩٧٨) نەسیری سەرۆکی دەزگای ساواک لە کار دورخستەوەو جێگرەکەی ناسر مقدم لە شوێنی دادەنێت، لە لایەکی دیکەشەو، پێشتر لە (١٦/ ئاب/١٩٧٧) یش (ئەمیر عەباسی هوەیدا) کە نزیکەی سیانزە ساڵ پۆستی سەرۆک وەزیرانی لە ئەستۆ بوو ناچار دەکات دەست لە کار بکێشێتەوە وە لە هەمان رۆژیش (جەمشید ئاموزگار).[٢]

---

[١]- رەوەند محمود، حکومەتی شاهنشاهی لە سەروبەندی ساڵی ١٩٧٨، رۆژنامەی نیشتمان، ژمارە (١) ٢٠١٦/٤/١.

[٢]- جەمشید ئاموزگار: لە ساڵی ١٩٢٣ لە تاران لە دایکبووە ، ئابووریناس و سیاستمەدار بووە لە هەمان کاتدا بۆ ماوەی یەک ساڵ لە نێوان ساڵانی (١٩٧٧– ١٩٧٨) بووە بەسەرۆک وەزیران لە سەردەمی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی، وە ناوبراو پێش ئەوەی ببێتە سەرۆک وەزیران وەزیری ناوخۆ و دارایی بووە، تاکە سەرۆک وەزیرانێک بووە کە خوێندنی لە ئەمریکا لە زانکۆی واشنتۆن تەواو کردوە و لە ئێران بووە، وە دوای دامەزراندنی (حیزبی ڕەستاخیز) لەسەر دەستی حەمە ڕەزا شا ناوبراو پەیوەندی کرد بە حیزبەکەوە لە سەرەتادا بۆتە بریرسی هەماهەنگی کردنی خزمەتگوزاری شار لە حیزبەکەدا، بەڵام دواتر لە جێگای(هویدا) وەک بەرپرسی حیزبی ڕستاخیز و ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بە کۆنگرەی حیزب ناسێنرا، هەروەها بارودۆخی وڵات لە سەردەمی ئەمدا خراپتر بوو، هەروەها بەهۆی نەخۆشی خێزانەکەیەوە کە ئەڵمانی بوو ئێرانی بەجێهێشت و ڕوویکردە

وەک سکرتێری حیزبی ڕستاخیز رادەسپێرێت کە کابینەی نوێ پێکبهێنێت ئەمە لەکاتێکدا بوو کە گۆڤاری (اخبار) ی ئەمریکی لە (ژمارەی (٥) لە رێکەوتی(٢٦/حوزەیران/١٩٧٨) چاوپێکەوتنێکی شای ئێرانی بە ناونیشانی(کەس ناتوانێت من سەرنگون بکات، من هێزم هەیە) بڵاوکردبوویەوە کەتێیدا شای ئێران دەڵێت: "کەس ناتوانێت من سەرنگون بکات، من خاوەنی پیشتیوانی هێزێکی حەوت سەد هەزار چەکدار و ژمارەیەکی زور کرێکارم، من هێزم هەیە و نەیارەکانم هەرگیز ناتوانن روبەروی هێزەکەی من ببنەوە"، لێرەدا نارەزایەتییەکان لە ئابی ١٩٧٨ کە هاوکات بوو بەمانگی رەمەزان[١]، فراوان دەبن و خۆپیشاندەران سەر هەڵدەدەنەوە و لە شاری ئەسفەهان توند و تیژی لێدەکەویتەوە وچەندین هۆتێل و سینما و بانک و دامودەزگای حکومی دەسوتێنرێن و دەبێتە هۆی کوژران و برینداربوونی ژمارەیەک خۆپیشاندەر[٢]، بەمەش(ئیمام خومەینی)[٣] روبەرویان دەبێتەوە و

---

ئەمریکا، دواجار لە تەمەنی ٩٣ساڵیدا و لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(جمشید آموزگار به روایت اسناد ساواک، http://gozarestan.ir/show.php?id=948

[١]- محمد فەتاحی زادە، سوتاندنی سینەما رکس ئابادان، رۆژنامەی هەناو، ژمارە (٤) ٢٠١٤/١٢/١.

[٢]- لقمان خیاڵی، دراسات فی تاریخ ایران المعاصر، طبعة الأولي، مطبعة كارو، السليمانية، ٢٠١٩، ص٤٣.

[٣]- ئیمام خومەینی: ناوی(روح الله)یە کوڕی سید مصطفی موسوییە لە رێکەوتی (٢٤/ئەیلول/١٩٠٢) لە شاری خمین لە دایکبووە ، نووسەرو شاعیر و مەرجەعی تەقلیدی شیعەی ئێرانی و رابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بوو، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا باوکی کۆچی دوای دەکات، هەروەها ناوبراو زانستەکانی قورئانی خوێندوە، دواتر جگە لە زانستی بیرکاری و فەلسەفە و عیرفانی خوێندووە وە لە حەوزەی عیلمی نەجەف بۆ یەکەم جار بابەتی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی وتۆتەوە، ناوبراو کوشتنی باوکی کاریگەری زور هەبوە لە سەری بۆیە بیری لەتۆڵەکردنەوە کردۆتەوە ، پاشان بە وتارەکاریگەریەکانی توانی گەورەترین شۆڕش لە ئێران لە دژی دەسەڵاتی موحەمەد رەزا شای پەهلەوی هەڵگیرسێنێ و کۆتای بە دەسەڵاتی شا بهێنی لە ساڵی ١٩٧٩ وە دەوڵەتی ئیسلامیی ئێران دابمەزرێنێت، وە ناوبراو لە ریکەوتی لە ٣/ حوزەیران/١٩٨٩ بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستاتەوە لەتاران کۆچی دوای کرد. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(احمد مهابة، ایران بین التاج و العامة، الطبعة الاولی، دار الحرية، القاهرة، ١٩٨٩، ل٢١٩).

لەبەياننامەيەكەدا ئەو كارەی حكومەت ئێدانە دەكات و رايدەگەنێت: "تاحكومەتی ستەمكاری شا بەردەوام بێت، كارەسات دوای كارەسات، موسيبەت دوای موسيبەت، رووداو دوای رووداو بەردەوام دەبێت".[1]

هەروەها ئامۆژگار لە(١٦/ئابی/١٩٧٨) لە چەندين شار حوكمی سەربازی رادەگەيەنێت و بەمەش خۆپيشاندانەكان فراوان دەبن و پێكدادانی توند لە نێوان خۆپيشاندەران و هێزە چەكدارەكان روودەدات و لە ١٩ی ئاب بە سوتاندنی سينەمای ركسی لە شاری ئابادان كارەساتی لێدەكەوێت و تێيدا ژمارەيەك خەڵك دەسوتێن و گيان لەدەست دەدەن، هەرچەندە حكومەت هەوڵی زۆريدا ئەم روداوە بخاتە ئەستۆی پياوانی ئاينی، بەڵام سەركەوتوو نەبوو[2]، بەڵكو لە بەرامبەردا خەڵك دەزگای سيخوڕی ساواكی ئێرانی بە سوتاندنی سينەماكە تاوانبار دەكەن و كارەساتەكە دەخەنە ئەستۆی حكومەت بۆ رۆژی دواتر بەشداربوانی مەراسيمی بە خاك سپاردنی كوژراوەكان، خۆپيشاندانی بەرفراوان ئەنجام دەدەن و بە ئاشكرا چەندين دروشمی دژی شا دەڵێنەوە، وەك مردن بۆ شا، شا دەبێت بڕوات، ئەم روداوەش دەبێتە هۆی فراوانبونی ناڕەزايەتيەكان و شا بە ناچاری لە رێكەوتی(٢٧/ئابی/١٩٧٨)دەست لەكاركێشانەوەی ئامۆژگار لەپۆستی سەرۆك وەزيران و سكرتێری حيزبی ڕەستاخيز پەسند دەكات و بە فشاری ئەمريكا لە (٢٧/ئابی /١٩٧٨)(جەعفەر شەريفی ئيمامی)، رادەسپێرێت بۆ پێكهێنانی كابينەی نوێ ئيمامی بۆ مەبەستی ئاسايی كردنەوەی بارودۆخەكە، دروشمی كابينەكەی بە(ئاشتبوونەوەی نيشتمانی) رادەگەيەنێت و بەڵێنی جێبەجێكردنی دەستور و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی و رێزگرتن لە دروشمە ئاينيەكان دەدات، لەگەڵ ئەوشدا هەوڵی نزيك بونەوە لە پياوانی ئايينی دەدات و بەمەبەستی رازی كردنيشيان چەندين كار ئەنجام دەدات[3]، وەك گۆڕينی رۆژ ژمێری ئێران لەشاهنشايی بۆ كۆچی

---

[1]- محمد فەتاحی زادە، س. پ ، ل٧.

[2]- عەباسی ميلانی، مەتەڵۆكەی هوەيدا، و. عبدوڵڵا حەسەن زادە، بەرێوەبەرايەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی كارۆ، چ١، كوردستان، ٢٠١٠، ل٤٩٦.

[3]- لوقمان خەياڵی، ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەويدا، چ١، چاپخانەی كارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٢٦.

هەتاوی، داخستنی چەندین گازێنۆ و قومارخانە[1]، لابردنی وەزارەتی کاروباری ژنان و دامەزراندنی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئازادکردنی گیراوە مەزهەبیەکان، بڕینی هاوکاریەکانی حیزبی ڕەستاخیز، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی سەڵتەنەتی کرد کە بۆ ماوەیەک ئێران بەجێبهێڵن ..... هتد، تەنانەت ئامادەیی خۆی و حکومەتی بۆ گەراندنەوەی ئیمام خومەینی بۆ ئێران و پێشوازی لێکردنی دەردەبڕێت، هەر بۆیە (فەرەح پەهلەوی)[2] شاژنی ئێران ئەم هەنگاوانەی حکومەتی بە یەکەم پاشەکشەی رژێمی پاشایەتی لە بەرامبەر رادیکاڵی ئیسلامیی لە قەڵەم دەدات.[3]

لەگەڵ ئەوەشدا بەمەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ ئیمام خومەینی، دەستەیەک دەنێرێت بۆ شاری نەجەف و لەو رۆژانەدا رۆژنامەکانی ئیتلاعات و کەیهان دوای چەندین ساڵ، وێنەی ئیمام خومەینی لە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکەیان چاپ دەکەن و تیراژی ملیۆنی لێ بڵاودەکەنەوە و تیایدا باس لە رۆیشتنی ئەو دەستەیە بۆ شاری نەجەف دەکەن، بەڵام ئیمام خومەینی گەڕانەوە بۆ ئێران ڕەت دەکاتەوە و ئەمە بە فێڵی شەیتانیی شا نا و دەبات و لە بەیاننامەیەکدا داوا لەگەلانی ئێران دەکات کە بەردەوام بن لە ناڕەزایەتیەکان، هەر بۆیە سەرەرای هەڵنەوەشاندنەوەی و بەردەوامی باری نائاساییی، بەڵام ناڕەزاییی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران بەردەوام

---

[1]- محەمەد حسن صنعتی، پایان پادشاهی، چ٢، نشر بين الملل، تهران، ١٢٨٢ه ، ص١٩٠.

[2]- فەرەح پەهلەوەی: ناوی (فەرەح دیبا ) یە لە ساڵی (١٩٣٨) لە تاران لە دایکبووە باوکی سەرباز بووە لە سوپای ئێرانی ، ناوبراو لە قوتابخانەی فەرەنسی و ئیتاڵی خوێندویەتی کە ئەم قوتابخانانە لە ئێران بوو ژیانێکی زۆر خۆشی هەبوو ، ناوبراو لە ماوەی خوێندنی هیچ کاتێک مولەتی وەرنەدەگرت چونکە خوێندکاریکی زیرەک بوو ، بەڵام لە ساڵی (١٩٥٩ ) مۆڵەتی وەرگرت لە بەر ئەوەی رۆشت بۆ رێورەسمی تاج لە سەرنانی موحەمد رەزا شای پەهلەوی ، وە ناوبراو سێیەم خێزان و کۆتا خێزانی شا بوو. بۆ زانیاری زیاتر، بروانە: https://dkhlak.com /farah – Pahlavi – empress-of- iran/

[3]- فەرەح پەهلەوەی، س. پ، ل ٤٥١.

دەبن[1]، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری خەڵک لە ڕێکەوتی (٢/ ئەیلولی/١٩٧٨) بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژی جەژنی ڕەمەزان، بە ئیمامەتی (دکتۆر موفەتیع) لە شاری تاران کۆدەبنەوە و دواتر خوپیشاندان ئەنجام دەدەن، و تارێکەوتی (٧/ ئەیلولی/١٩٧٨) بەردەوام دەبێت، بریار دەدرێت کە بەیانی رۆژی دواتر کە هاوکات دەبێت بە رۆژی هەینی، لە مەیدانی ژاڵە کۆببنەوە و حۆپیشاندانی بەرفراوان ئەنجام بدرێت، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە شەریف ئیمامی باری نائاسایی و هەموو جۆرە کۆبونەوەیەک لە تاران و لە هەمان کاتیشدا حکومەتی سەربازی لە تاران و چەند شارێکی دیکە راگەیاند بوو، بەڵام خەڵک بەبێ گوێدانە هۆشداریەکانی حکومەت، خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و هێزی چەکداریش لە مەیدانی ژاڵە ئامادە دەبێت و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە.[2]

نزیکەی سێ تا پێنج هەزار کەس دەکوژرێن، یان بە وتەی رۆژنامەنوسێکی ئەوروپی کە دەنوسێت: لەو رۆژدا هەلیکۆپتەرەکان لە دوای خۆیان کێوێک تەرمیان بە جێهێشت، بۆیە لە دوای وتارەکەی (ڕەشید مسلق)، ئەم رووداوە بە دووەم زەنگی پرمەترسی بۆ شا و سەڵتەنەتی شاهنشاهی دێتە هەژمار، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە ئیدی دوای ئەو دوو رووداوە، خەندە و خۆشی لە ڕووخساری شا نەدەبینرا، ئەمە لە کاتێکدایە کە فەیلەسوفی فەڕەنسی (میشێل فۆکۆ)کە ئەو کات لە ئێران بووە و کاری بۆ رۆژنامەیەکی ئیتاڵی کردووە، باس لەوە دەکات کە ئەو رۆژە نزیکەی چوار هەزار کەس کوژراون، بەڵام حکومەت ناوی هەشتا و حەوت کوژراوی لە تەواوی شاردا نوسیوە[3]، لەگەڵ ئەوەشدا لایەنگران و کاربەدەستانی حکومەت ژمارەی قوربانیەکان زۆر لەوە بە کەمتر دەزانن و لەو بارەیەوە، (ئەردەشێری زاهیدی)کە ماوەیەک وەزیری دەرەوەی ئێرانی شاهەنشاهی و دواتر باڵوێزی ئێران لە ئەمریکا و لە هەمان کاتدا زاوای شا بوو، لە

---

[1]- ئەحمد زادە، سەرهڵەدانی شۆڕش لە ئێران، پەیامی خوێندکار، ژمارە (٨) ئابی ٢٠٠٨، ل٥.

[2]- هـ. س، ل٦.

[3]- محمود ڕەزا ئەمین، شۆرشی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەلات، سلیمانی، ٢٠٠٧، ل١٠٣.

یاداشتەکانیدا باس لەوە دەکات کە ئەم کوشتارە دەرەنجامی بریاری هەڵەی حکومەت بووە و تیایدا سەد و سی کەس کوژراوە، هەروەها ئەشرەفی خوشکی شا لە یاداشتەکانیدا باس لە کوشتنی هەشتا و پێنج کوژراو و دووسەد بریندار دەکات[1]، هەر چۆنێک بێت ژمارەیەکی زۆر خۆپیشاندەر دەکوژرین و بریندار دەبن و لەو کاتە بەدواوە لە مێژووی ئێراندا ئەو رۆژە بە هەینی ڕەش دەناسرێت، ئەم ڕووداوە بە هەڵوێستی توندی ئیمام خومەینی روبەڕووی دەبێتەوە و لە بەیاننامەیەکدا تەواوی ڕووداوەکە دەخاتە ئەستۆی شا و داوا لە خەڵک دەکات کە لە ناڕەزایەتیەکانیان بەردەوام بن و لە هەمان کاتیشدا داوا لە تەواوی پیاوانی ئایینی دەکات کە ببنە پێشەنگی خەڵک و رێبەری و رێنوێنی بزوتنەوەی نارەزایی خەڵک بکەن، دوای ڕوودانی کوشتاری هەینی ڕەش بەیاننامەی ئیمام خومەینی، خۆپیشاندان و ناڕەزاییەتیەکان تەواوی شارەکانی ئێران دەگرێتەوە و کرێکارانی کارگە و پاڵاوگە و بەندەرەکان ماندەگرن[2]، و بەرهەم و پاڵاوتنی نەوت بە تەواوی کەم دەکات.
بەڕادەیەک کە بەرهەمی نەوت لە پێنج ملیۆن و نیو بەرمیل رۆژانە کەم دەکات بۆ سەد هەزار بەرمیل رۆژانە و بە تەواوی ئابووریی ئێران ئیفلیج دەبێت، دوای ئەوەی شەریف ئیمامی و شای ئێران لە رێکەوتن لەگەڵ خومەینی شکست دێنن و دەگەنە ئەو بروایەی کە ناتوانن کاریگەری وتار و بەیاننامەکانی کەم بکەنەوە، بۆیە هەوڵدەدەن کە لە سنورەکانی ئێران دووری بخەنەوە بۆ ئەوە مەبەستەش باڵویزی ئێران لە عێراق داوا لە دەوڵەتی عێراق دەکات کە یان ئیمام خومەینی بێدەنگ بکە، یان لە وڵاتەکەیان دەری بکەن، بۆیە خودی ئیمام خومەینی دەڵێ: "لە نێوان بێدەنگ بوون و کۆچکردندا کۆچکردنم هەڵبژارد"، سەرەتا بریار وایە کە ئیمام خومەینی لە رێگەی وڵاتی کوێتەوە بڕوات بۆ سوریا، بەڵام دوای ئەوەی کە لە سەر سنوری کوێت رێگەی پێنادەن، دواجار بریاری رۆیشتن بۆ فەرەنسا دەدات و سەرەنجام لە ڕێکەوتی (١٥/تشرینی یەکەم/١٩٧٨) ڕوویکردە وڵاتی فەرەنسا و هەریەک لە (سەید ئەحمدی کوڕی، د. ئیبراهیم یەزدی، فیردوسی پور و

[1]- امال کامل البسکی، س. پ، ل٣٠٩.
[2]- یرواند ابراهامیان، ایران بین دوانقلاب از مشرط تاانقلاب اسلامی، ت. کاظم فیروزمند و دیگران، نشر مرکز، تهران، ١٣٧٨، ص٤٧٣.

ئیملائی) هاورێیەتی دەکەن و دواتر لە ناوچەیەکی نزیک پاریس بە ناوی (نوفل لوشاتو) نیشتەجێ دەبێت[١]، شیاوی باسە کە حکومەتی فەرەنسا لە سەر داوای شا و حکومەتی ئێران ڕازی دەبێت بە وەرگرتنی ئیمام خومەینی، ئەم داوایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شای ئێران پێی وابوو ئیمام خومەینی لە ئەوروپادا ون دەبێت و ئیدی بە هیچ شێوەیەک دەنگی بە ئێران ناگات و بە هاوکاری ئەمریکا دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت[٢]، بەڵام ئەمە پێچەوانەی بۆچونەکانی شا و بەرپرسانی ئێران دەبێت و لە بەرژەوەندی ئیمام خومەینی کۆتایی دێت، بە رادەیەک کە وەک چۆن ئەشرەف پەهلەوی دەڵێت:" بازاری وتاردانی دژی شا گەرمتر بوو"، هەر بۆیە فەرەنسا دەبێت بە ناوەندی ڕێبەری کردنی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێران[٣]، (پیتەر گالبرایت) لەو باوەرە دایە کە ئیمام خومەینی لەو شوێنە دورەوە لە فەرەنسا، بەشێوەیەک ڕێبەرایەتی نارەزایەتیەکانی دژی شای لە ئێران دەکرد، کە هەرگیز لە دەوڵەتێکی پۆلیسی وەکو عێراقدا توانای ئەو کارەی نەدەبوو، چونکە لە سەرەتادا حکومەتی هۆشداری دایە خومەینی بەوەی نابێ چالاکی سیاسی بکات لە فەرەنسادا[٤]، بەڵام دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پیاوی ئاینی پەیوەندیان کرد بە حکومەتی فەرەنساوە[٥]، هەروەها بردنی گوڵ و دیاری لەلایەن خوێندکار و پیاوانی ئاینی بۆ باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە تاران و سوربوونی خومەینی لەسەر چالاکی سیاسیی وایکرد فەرەنسا هەڵوێستی بگۆڕێ و ڕێگە بە خومەینی بدات چالاکی سیاسیی بکات[٦]

---

[١]- ئیحسان نەزاغی، لە دەرباری شاوە بۆ زیندانەکانی شۆرش، و. ئەحمەد قادر سەعید، چاپخانەی شفان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٨.

[٢]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن(دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ) (١٩٨٣– ١٩٧٩)، ب. ش، ١٩٩٧، ل٢٠.

[٣]- یاسین سەردەشتی، گەلی کورد بزاڤی مەشروتە خوازی، چابخانەی هاوار، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٢٣.

[٤]- ئیحسان نەزاغی، س. پ، ل٤٧.

[٥]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ(دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق١٩٧٥-١٩٧٨)، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٣٤٧.

[٦]- سالح عەبدولرەحمان ئەحمەد، ڕۆڵی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ژیانی سیاسیی ئێراندا(١٩٤٥-١٩٧٩)، ل٥٩.

هەروەها (مەحەمەد حوسەین هەیکەل) باس لەوە دەکات کە کاتی ئیمام خومەینی لە نۆڤل لوشاتو بووە، زۆربەی کاتەکانی لە بەردەم کامێراکاندا بووە و رۆژانە چوار یان پێنج چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی هەبووە.[1]

بەگشتی ئیمام خومەینی لە ماوەی سەد و هەژدە ڕۆژ کە لە فەرەنسا نیشتەجی بوو، بەردەوام سەرقاڵی ئەنجامدانی چالاکی دژی شا بوو کە بریتیبوو لە چل پەیام و راگەیاندراو، شەست و پێنج وتار، بیست و حەوت نامە، سەدوحەڤدە چاوپێکەوتن، کە کۆتایی تەواوی چاوپێکەوتنەکانیشی دەیوت(شا دەبێت بڕوات) خاڵی وەرچەرخان لە بزوتنەوەی دژی شاو بەهێزبوونی بەرەی نارەزایەتییەکان، بریتی بوو لە رێکەوتنی جەبهەی میلی و ئیمام خومەینی، ئەوەش لە دوای ئەوە هات کە (دکتور کەریمی سەنجابی) رێبەری باڵای جەبهەی میلی دوای مانگێگ لە گەیشتنی ئیمام بۆ فەرەنسا، لە رێکەوتی (١٤/تشرینی دووەم/١٩٧٨) سەردانی دەکات[2] و رێکەوتنێکی سێ ماددەی لەگەڵ واژوو دەکات کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دەسەڵاتی شاهنشاهی لە ئێران دەسەڵاتێکی ناشەرعیەوە نابێت هیچ لایەکیان حکومەتی لەگەڵ پێک بهێنن[3]، لە هەمان کاتیشدا لە سەر حکومەتی دوای شا رێکەوتن لەسەر ئەوەی کە حکومەتێکی نیشتمانی لە سەر بنەمای پێوەرە ئیسلامیی و دیموکراسیی و سەربەخۆ لە رێگەی دەنگدانی گشتیەوە پێک بهێنن ئەم رێکەوتنە بە گورزێکی کوشندە دادەنرێت کە بەرحکومەتی شای ئێران دەکەوێت، هەر بۆیە دوای بێئومید بوون لە شەریف ئیمامی لە چاسەرکردنی کێشەکانی ئێران، لە دوای شەست و هەشت رۆژ ئیمامی ناچار بەدەست لە کارکێشانەوە دەکات و حکومەتێکی سەربازی بە سەرۆکایەتی (جەنراڵ غولام ڕەزا ئینهاری) لە رێکەوتی (٦/تشرینی دووەم/١٩٧٨) پێکدەهێنێت[4] بەڵام زۆر ناخایەنێت کە نارەزایەتییەکان بە توندی سەر هەڵدەدەن و شەقام و

[1]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن ، ل٢٠-٢١.

[2]- ویلیام شوکراس، اخرین سفر شاه، ت. عبدالرضا هوشنگ مهدوی، چاپ دوازدهم، چاپخانه اسمان، تهران، ١٣٨١ه، ل١٣٦.

[3]- احمد زاده، س. پ، ل٥.

[4]- **ھ.** س، ل٥.

زانکۆ و بازاڕ و ناوەندە ئایینیەکان دەبنە مەیدانی ململانێکان و ئەمەش بەردەوام دەبێت تاکۆتایی هێنان بە سیستمی میرایەتی پاشایەتی لە ئێران.[1]

[1]- ڕەوەند محمود، س. پ، ل ٣.

## باسی یەکەم:

## ڕۆڵی پیاوانی ئاینیی لە بەرپابوونی شۆرشی گەلانی ئێران

شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ساڵی(١٩٧٩) بەڕابەرایەتی ئیمام خومەینی بووە هۆی ڕووخاندنی سیستەمی میراتی بنەماڵەیی پاشایی دووهەزار و پێنج سەد ساڵەی ئێران[١]، بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دادەنرێت، ڕژێمەکەی شا بەدەست کێشەی ناوخۆی دەسەڵاتەوە دەیناڵاند، سەرلێشێواوی شا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو دەسەڵات و بێ هەڵوێستی بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن، ئەمریکای لە پشتگیری شا ساردکردەوە بێ ئەوەی لە ڕۆڵی شۆرشگێران بە چەپ و ڕاستەوە کەم بکاتەوە، ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی شادا هەرچەندە ئیسلامیەکانی ئێران خۆیان بە دوژمنی سوێند خواردووی ئەمریکا دەزانی، بەلاّم بێ گڵۆپی سەوزی ئەمریکا شۆڕشەکە سەرنەدەکەوت، ئەمریکا نەیدەویست ئێران بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی چەپ و بچێتە بەرەی سۆسیالیزمەوە، ئەمریکا نیگەران بوو لەوەی لە دوای شا چەپەکان بەهێز دەبن و ڕژێمی شاش توانای سەرکوتکردنی چەپەکانی نەماوە، هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک هەوڵیدەدا شا لە گۆرەپانەکە دەربکات، سەرکردەکانی(حیزبی نەهزەتی ئازادی ئێران)[٢]، دەرگای پەیوەندیان بۆ ئەمریکا و خومەینی کردەوە و ئەم پەیوەندیە بووە هۆی بە دەسەڵات گەیشتنی خومەینی.[١]

---

[١]- ڕابەر سیوەیلی و ژلیوان هەڵەدنی، سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران(١٩٨٠-١٩٨٧)، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٧.

[٢]- حیزبی نەهزەتی ئازادی ئێران: ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی_ئاینی بوو، کە بەسەرۆکایەتی مەهدی بازرگان و لە سەرەتای شەستەکان لە جەبهەی میللی جیابووەوە، دامەزرێنەران و کادیرەکانی ئەم حیزبە دواتر بووەنە سەرچاوەیەکی باش بۆ سەرهەڵدانی ڕەوتێکی روناکبیرانەی ئیسلامیی و لە کۆتایشدا بەدەسەڵات

خومەینی لەدوا ساڵی تەمەنی ڕژێمەکەی شا بوو بە دەمڕاست و وتەبێژی شۆڕش، کە شۆڕشیش سەرکەوت بێ ئەوەی ناو و پۆستێکی ڕەسمی هەبێت بوو بە بڕیاردەری سەرەکی و پاشەکشێی بە دۆست و دوژمن کرد و بناغەیەکی دارشت کە تائێستاش بەردەوامە، هەرچەندە خومەینی و لایەنگرەکانی ئاراستەی شۆڕشیان گۆری و بەرگێکی ئیسلامیان لەبەر کرد، بەلاّم شۆڕشەکە لە سەرەتادا بە هیچ شێوەیەک ئیسلامیی نەبوو، بەڵام کاریگەری بیروبۆچوونەکانی(عەلی شەریعەتی)[2]، ڕەنگدانەوەی لەسەر گەلانی ئێران دروستکرد بوو، کە بیروبۆچوونەکانی بریتی بوون لە ئازادی تاک و کۆمەڵگا کە دەیووت: "ئازادیی ئەو توانا تایبەتییەیە کە بونەوەری زماندار وەک بونەوەرێکی عاقڵ لە بوونەوەری دیکە جیادەکاتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو کردەوانەی کە بەبڕیاری خۆی ئەنجامی دەدات، نەک بە بڕیاری یەکێکی دیکە کە نامۆبێت بە خۆی بەم پێیە مرۆڤی ئازاد ئەو کەسەیە کە بەشێوەیەکی دەرەکی دیل یان کۆیلە نەبێت و بەشێوەیەکی ناوەکی بڕیارەکانی بە ئازادانە لە خودی خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت نەک یەکێکی دیکە"[3]، هەروەها ئازادیی

---

گەیشتنی خومەینی. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(زاهیر محەمەدی، هەموو شتێک لە بارەی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، https://www.peyseress.com/detail/1180).

[1]- حسن پوور، شۆڕشی ئیسلامی و کەوتنی شا، گۆڤاری یەکبوون، ژمارە(٤)ئابی ٢٠١٦، ل١٢.

[2]- عەلی شەریعەتی: علی شەریعەتی مزینانی، بیرمەند و فەیلەسوف و کۆمەڵناس و شاعر و نوسەری موسوڵمانی ئێرانی بوو، ناوبراو لە دێی کاهەک لە نزیک شاری سەبزەوار لە ساڵی(١٩٣٣)لەدایکبووە، شەریعەتی ڕۆڵێکی گرینگی بوو لە شۆڕشی ئیسلامی ئێران و ژیانەوەی بڕوای شیعە لە کۆمەڵگای ئێران، ناوبراو لە ژیانی گەنجێتیدا چۆتە نێو بزوتنەوەی موسەدەق و وەکو مامۆستا کاری کردووە و دوو جار دەستبەسەرکراوە لە کاتی خوێندنیدا لە زانکۆ، دژی ڕژێمی شا وەستایەوە لە ساڵی١٩٧٧دا ڕوودەکاتە لەندەن و لەوێ دەگیرسێتەوە هەر لەوێ کۆچی دوای دەکات. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(چەناڵی قوتابخانەی ژیان لە ماڵپەری: https://www.youtube.com/watch?v=3An9tv8Ne-20)

[3]- زەکەریا ئیبراهیم، کێشەی ئازادی، و. محەمەد مستەفا قەرەداخی، چ١، خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٩.

لەلای شەریعەتی لە بوونی خودەوە سەرهەڵدەدات و لە کۆمەڵگاشدا پێویستە بپارێزرێت نەک دەستەبەر بکرێت، هەروەها شەریعەتی پێی وایە کۆمەڵگەی موسڵمان زامنکەری پاراستنی ئەم ئازادییە، چونکە لە بنەرەتەوە پێی وایە ئازادی بونێکی خودی هەیە دواتر بابەتی، ئەم بیروباوەڕەی شەریعەتی بووە هۆی ئەوەی کە لە حەفتاکاندا لە ناوخۆی وڵات بە زنجیرە وتارێکی شۆڕشگێڕانە و ئاینیی ئیسلامییەکانی خستەسەر سکەی ڕاستەقینەی خۆیان و لە ڕووی تیۆرەوە دەوڵەمەندی کردن.[1]

لە ساڵی١٩٧٨دا ڕەنگە کەمتر لە کەس و ڕێکخراوێک پێشبینی ئەوەی کردبێ کە ئەمە دوا ساڵی تەمەنی ڕژێمی شایە و شا بەو دەمودەستە واز لە دەسەڵات دێنێ، ساڵێک دواتر کە شۆڕش سەرکەوت هەموو لایەنەکان بەسەر ڕووداوێکدا کەوتن کە نەیاندەزانی چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، رۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەکە پڕن لە رووداوی گرنگ و کاریگەر کە نەخشەی سیاسیی وڵاتیان دیاریکرد، ماراسۆنی گەیشتن بە دەسەڵات زوو دەستی پێکرد و وەک سروشتی هەموو شۆڕشەکان هێزی چەک و زۆر بەسەر مەنتیقدا زاڵ بوو.[2]

خومەینی لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ ئێران قسەکانی تەواو پێچەوانەی لێدوانەکانی پاریس بوو، گوتاری خومەینی لە پاریس گوتارێکی دیموکراتیک بوو، داوای دروستکردنی کۆمارێکی دیموکراتیکی دەکرد، هاوشێوەی دیموکراسییەکانی ئەوروپا[3]، دیوێکی دیکەی گوتاری خومەینی لە پاریس نەهێشتنی هەژاریی و دادپەروەریی ئابووریی و

[1]- حسین بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، و. ناسر ئیبراهیم زادە، ب٢، چ١، خانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١.
[2]- محمد ئەلیاس، سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، گۆڤاری لاوان، ژمارە(١٢)حوزەیرانی ٢٠١٧، ل١٧.
[3]- عبدالستار طاهر شریف، خومەینی..خومە بۆ گەلانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردییە، بغداد، ١٩٨٠، ل٨.

کۆمەڵایەتیی بوو، بەڵام هەر کە گەڕایەوە ئێران، ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەی گرتەبەر و لە خەبات بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی گۆڕی بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی و لە ناو دەوڵەتی ئیسلامییەکەشدا ململانێیەکی قووڵی دەستپێکرد بۆ بەخشینی دەسەلاتێکی رەها بە خۆی، بۆیە هەر لە ڕۆژانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە دیموکراسیی و دادپەروەریی کرانە قوربانی ئامانجەکانی خومەینی، دەوڵەتی ئیسلامیی تەنیا ناوێک نەبوو وەک ئەوەی هەندێک ڕێکخراوی بە هەڵەدا برد، بەڵکو هزرێک بوو لە قۆرغکردنی سیاسەت، کۆمەڵگایشی دادۆشی لە ژێر کاریگەری ناوبانگ و هەژموونی خومەینی، ناوی شۆڕشەکە گۆڕا بۆ شۆڕشی ئیسلامیی و دواتر ئەم پاشگرە ئیسلامییە بە هەموو شتێکەوە نووسا، لە خواردنەوە بگرە تا پەرلەمان و حکومەت و لەوێشەوە بۆ زانکۆ و بانک و ئابووریی و ...هتد، هەڵوێست و قسە چاوەڕوان نەکراوەکانی خومەینی هەر زوو گۆمەکەی شڵەقاند و بەرەیەکی نارەزای دروستکرد، خومەینی و کەمینەیەکی ئیسلامیی کە مانگێک دوای شۆڕش حیزبی جمهوری ئیسلامییان دامەزراند، بۆ سەرکوتکردنی ئەم بەرە نارەزاییە کەوتنەخۆ، قسە و وتارەکانی خومەینی بوونە حوججەت و بۆ ڕۆژی دواتر دەبوونە بڕیار، جگە لە قسەکانی خومەینی و دامەزراندنی حیزبی جمهوری ئیسلامیی هێزێکی چەکداریش بەناوی کۆمیتەکانی بەرگری لە شۆڕش کە سەربە خومەینی بوون دەستیانکرد بە سوتاندنی بارەگای حیزبەکانی تر و هەموویان چەک کرد، دوای ماوەیەکی کورت سێ کوچکەی خومەینی، حیزب و چەک پاشەکشەی بە هەموو هێزەکانی تر کرد.[١]

ماڵی خومەینی لە قوم و تاران بوو بە ناوەندی بڕیاری سیاسیی و لەوێوە چارەنوسی وڵات دیاریدەکرا، خومەینی کە خۆی بە خاوەنی شۆڕشەکە دەزانی دەستی لە هەموو شتێک وەردەدا، بەڵام شۆڕشەکە

---

[١]- أحمد زادە، س. پ، ل٦.

تەنیا شۆڕشی خومەینی و حیزبی کۆماری ئیسلامیی نەبوو شۆڕشی چەپ و بەرەیی میللییش بوو، بەشێک لە هۆکاری زاڵبوونی خومەینی و ئاراستەیەکی ناو ڕەوتی ئیسلامیی بەسەر شۆڕشەکەی ئێراندا دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتی نەرمی شا بەرامبەر ئیسلامییەکان، شای ئێران چەپەکانی بە هەڕەشەی سەرەکی بۆ سەر دەسەڵاتەکەی دادەنا و هەر ئەوە وایکردبوو ئیسلامییەکان کەمتر لە ژێر چاودێری حکومەتدا بن، جگە لەوە ئیسلامییەکانی سەر بە خومەینی لە ڕێی مزگەوت و حوسەینیەو تەکیەکانەوە خەڵکیان ڕێک دەخست و حکومەت نەیدەتوانی ئەم شوێنانە کۆنترۆڵ بکات، هەر بۆیە دوای سەرکەوتنی شۆڕش ئەمان لەڕووی ڕێکخستنەوە لە چەپەکان بەهێزتر بوون.[١]

مەسەلەی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی لە دوای شۆڕش کاتێک هاتە ئاراوە کە شۆڕشەکە فرە خاوەن بوو و هەموو لایەنەکان دەیانویست ڕۆڵیان هەبێ لە داهاتووی شۆڕشدا، تەنانەت لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕشیشد، کەس باسی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی نەدەکرد خومەینی مانگێک پێش سەرکەوتنی شۆڕش، ئەنجوومەنی شۆڕشی دروستکرد کە زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە نەهزەتی ئازادی ئێران بوون کە هەرچەندە مەیلێکی ئیسلامیان هەبوو، بەڵام قەت داوای دروستکردنی ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەیان نەدەکرد کە خومەینی دواتر لە ململانێ لەگەڵ هێزکانی تر هێنایە ئاراوە، جگە لە دروستکردنی ئەنجوومەنەکە، خومەینی(مەهدی بازرگانی)[٢]، ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی

[١]- محمد ئەلیاسی، س. پ، ل١٧.

[٢] - مەهدی بازرگان: لە ڕێکەوتی( ٢/ئەیلول/١٩٠٧)، لە شاری تاران لەدایکبووە، یەکەم سەرۆک وەزیرانی حکومەتی کاتی بوو لە دوای ڕووخاندنی حکومەتی حمە ڕەزاشای پەهلەوی، هەروەها ناوبراو لە(٢٠/ئایار/١٩٩٥)، لە شاری زیورخ لە وڵاتی سویسرا کۆچی دواییکرد و دواتر لە شاری قوم بە خاک سپێردرا. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(زندگینامە مهندس بازرگان_بنیاد فرهنگی مهندس مهدی بازرگان، https://bonyadbazargan.com/).

حکومەتێکی کاتی کە سەرۆکی نەهزەتی ئازادی بوو[1]، کابینەکەی بازرگانیش هاوشێوەی ئەنجومەنی شۆرش زۆربەیان سەر بە نەهزەتی ئازادی ئێران بوون، (سادق قوتب زادە)[2]، یەکێک بوو لەو کەسانەی لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامییدا نەبوو[3]، تەنانەت خومەینی بازرگانی ڕاسپارد بۆ نوسینەوەی دەستورێکی نوێی بۆ ڕژێمی داهاتووی ئێران، بازرگانیش چوار کەسی عەلمانی ڕاسپاد بۆ نوسینەوەی ڕەشنووسەکە، ڕەشنووسەکە هیچ ئامازەیەکی بەوە نەکرد بوو کە ڕژێمی داهاتووی ئێران ڕژێمێکی ئیسلامیی بێت[4]، زۆربەی خاڵ و بڕگەکانی ڕەشنووسەکە لە دەستوری فەرەنسا و بەلجیکا وەرگیرا بوو، بەڵام دواتر حیزبی کۆماری ئیسلامیی سەر لەبەری ڕەشنووسەکەی گۆڕی و هەمووی کردە ئیسلامیی.[5]

پرسی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی لە ئەنجامی ململانێی قووڵی حیزبە سیاسییەکان بوو بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتی داهاتووی ئێران، بەڵام خومەینی کە نەتاقەتی گوێگرتن لەم هەموو حیزب و ڕێکخراوەی هەبوو و نە لەگەڵ داواکاری و بەرنامەی سیاسیشیاندا دەگونجا، لە ڕێی حیزبی جمهوری ئیسلامییەوە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیی زەق کردەوە، دەکرێت بڵێین لە گەرمەی شەڕ و

---

[1]- اکبر خلیلی، گام به گام باانقلاب، انتشارات سروش، تهران، ١٣٦٠هجری، ص٣٤.
[2]- سادق قوتب زادە: لە ساڵی١٩٣٦لە شاری ئەسفەهان لە ئێران لەدایکبووە، وەزیری دەرەوەی ئێران بوو لە دوای شۆرش، لە ساڵی١٩٨٠دا ڕەوانەی زیندان کراو لە ڕێکەتی١٩٨٢/٩/١٥بە تۆمەتی پلاندانان بۆ تیرۆرکردنی ئیمام خومەینی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێدارە درا. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(ماڵپەری کەلتور مەگەزین، (http://cultureproject.org.uk/Kurdish/iran-١٩٧٩-foto-story/.
[3]- اسماعیل حسن زاده و طاهر ابو علی، تحلیل مواضع سیاسی روحانیون بهبهان در تحولات انقلاب اسلامی، تاریخ نامه انقلاب، سال اول، دفتر اول، بهار و تابستان١٣٩٦، شماره پیاپی ١، ص١٩٠.
[4]- امال کامل السبکی، س. پ، ل٣٤١-٣٤٢.
[5]- حسن پوور، س. پ، ل١٣.

هەڵای حیزبایەتی دوای شۆڕشدا بوو کە خومەینی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامیغ هێنایە ئاراوە دەوڵەتێک کە تەنانەت بۆ خۆیشی نەیدەزانی ناوەڕۆکەکەی چیە و چۆنە، ئەو ڕژێمەی خومەینی لە پاریس و تەنانەت ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشیش بانگەشەی بۆ دەکرد، حکومەتێک بوو کە جێگای چەپ و لیبراڵیشی تێدا دەبووەوە و بڕیار بوو سندوقی دەنگدان کێشەکان یەکلایی بکاتەوە و کۆتایی بە حوکمی بنەماڵەیی و تاکە کەسی بهێنێت خومەینی لە پاریس ڕایگەیاند بوو دوای ڕووخانی شا نەخۆی و نەهیچ مەلایەکی دیکە هیچ پۆستێکی سیاسیی و بەڕێوەبەری وەرناگرن و دوای شۆڕش دەگەڕێنەوە بۆ مزگەوتەکان.

حکومەتی داهاتووی ئێران حکومەتی چینی هەژار و چەوساوە دەبێت، چەپەکان و جەبهەی میللی لەسەر بنەمای ئەم قسانە پشتگیری خومەینیان دەکرد[1]، هەڵوێست و لێدوانەکانی خومەینی لە ئێران تادەهات بازنەی دەسەڵاتی بچووکتر دەکردەوە و لایەنەکانی دیکەی دەخستە پەراوێزەوە، زۆری پێنەچوو میلیشیای سەر بە خومەینی زانکۆ و مزگەوت و دامەزراوە حکومی و سەربازییەکانیان کۆنترۆڵکرد و کەوتنە چەک کردنی چەپەکان، حیزبی تازە دامەزراوەی جمهوری ئیسلامییش بوو بە لایەنی جێبەجێکاری لێدوان و بۆچوونەکانی خومەینی، دامەزرێنەرانی ئەم حیزبە هەموویان مەلا بوون و سەرکردایەتی حیزبەکەش یان مەلا بوون یان کەسانی نزیک لە خومەینی بوون، کاتێک ئەم حیزبە سەرهەڵدا، خومەینی چیتر پێویستی بە نەهزەتی ئازادیی نەما و وردە وردە لە دەسەڵات دووریخستنەوە،

هەرچەندە هەڵبژاردن کراو(بەنی سەدر)[2]، بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا بەڵام قۆرخکاری لەلایەن خومەینیەوە بەردەوام بوو،

[1]- حوسێن نەقشی، هەڵوێستەیەک لەسەر شۆڕشی ئیسلامیی، گۆڤاری سابات، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠١٦، ل٢٣.

[2]- ئەبولحەسەن بەنی سەدر: ناوی تەواوی(سەید ئەبولحەسەنی بەنی سەدرە)لە ڕێکەوتی( ٢٢/ئازار/١٩٣٣)، لە هەمەدان لەدایکبووە، سیاسەتوانی ئێرانییە کە بوو

هەرچەندە خومەینی هیچ پۆستێکی لە حیزبی کۆماری ئیسلامییدا نەبوو بەڵام لە راستیدا حیزبی خومەینی بوو، حیزبی کۆماری ئیسلامیی بوو بە دەوڵەتێکی سێبەر بەسەر حکومەتە کاتییەکەی بازرگان و کابینەکەی بازرگان بەهۆی ئەم حکومەتە سێبەرەوە دەستی لە کارکێشایەوە، دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامیی بووە بیانوویەک بۆ لادانی هەموو ئەوانەی لەگەڵ خومەینیدا ناکۆک بوون، هەر زوو تاوانی مورتەدبونیان بەسەر جەبهەی میللیدا سەپاند چەپەکان بە تاوانی ئیلحاد هەڵوەشێنرانەوە و ڕاپێچی زیندان کران، خومەینی دژی کوردستان فەرمانی جیهادی ڕاگەیاند و دوای هێرش بۆ سەر کوردستان بۆ ڕەوایبیدان بە هێرشەکەی ڕاگەیاند ئێمە لەگەڵ کورد شەڕ ناکەین، بەڵکو لە دژی کوفر شەڕ دەکەین، ساڵێک دوای زۆربەی بەشدارانی شۆڕشەکە لە شەمەندنەفەری شۆڕش کرانە دەرەوە کەمینەیەکی ناو شۆڕش لەڕێی هەژموون و ئوتۆریتەی خومەینیەوە پاشەکشەی بە هەموو لایەنەکان کرد، شۆڕش بە ئاقارێکدا چوو کە تەنانەت کەمینەکەش نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوات، بەلای کەمینەکەوە شوێنەکە گرنگ نەبوو گرنگ ئەوەبوو سوکانەکە لەدەست خۆیاندابێت، کەمینەکە بۆ شەرعییەتدان بە سیاسەتی پەراوێز خستن و سڕینەوەی لایەنەکانی تر، ئیسلام و شەرعیان کردە بەڵگە و پاساو، سیاسەتێک کە تائێستاش لەگەڵ دۆست و دوژمن پەیڕەو دەکرێت.[1]

---

بە یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێران دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ کە لەوکاتەدا کۆتایی بە حوکمی پادشایی هێنراو حوکمی کۆماری دەستی پێکرد، لە هەمانکاتدا ناوبراو خاوەن تێڕوانینی لیبڕاڵانە بوو، هەروەها لەسەردەمی ئەمدا یەکەم ئەنجومەنی شورای ئیسلامیی(پەرلەمان) لە ژێر سایەی ئەنجومەنی شۆڕشدا دامەزرا ، بەڵام لە ڕێکەوتی( ١٢/حوزەیران/١٩٨١ )، ڕوویکردە پاریس. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە: (زەینەب مەهینی ئەسڵ، ململانێی سیاسیی لەنێوان موحافزکاران و ریفۆرمخوازان لە ئێران(١٩٧٩-٢٠١٢)، و. بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٦، ل٣٧).

[1]- حوسێن نەقشی، س. پ، ل٢٣.

## باسی دووەم:
## ڕۆڵی ڕێکخراوە ئۆپۆزسوێنەکان لە شۆڕشەکەدا

شۆڕشی گەلانی ئێران کە لە ساڵی ١٩٧٩ هەڵگیرسا، کورد و فارس و عەرەب و ئازەر بەشداربوون تیایدا، کە بە ڕووخانی دەسەڵاتی حەمە ڕەزاشا کۆتاییهات پیاوانی ئاینی توانیان دەست بگرن بەسەر ئەو شۆڕشەدا و دواتر دوەڵەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن[١]، ئەم قۆناغە بەدوا قۆناغی ژیان و چالاکی سیاسی(حیزبی توده)[٢] دێتە ژماردن، کە سەرەتاکەی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوییە، نێوەندەکەشی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و ململانێی هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی ئێرانییە لە پێناوی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسییدا، و دوا بەشیشی چەسپاندنی دەسەڵاتی باڵی ئاخوندە بونیاد گەراکانی نێو دەزگای ئاینی ئێران و ڕاگەیاندنی دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی.[٣]

---

[١]- محمد مهابادی، ڕۆڵی موجاهیدینی خەڵق لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا، گۆڤاری پەیامی خوێندکار، ژمارە(٢٢) ئابی ٢٠٠٩، ل١٧.

[٢]- حیزبی تودە: ئەم حیزبە لەدوای داگیرکردنی ئێران لە جەنگی جیهانی دووەمدا لەلایەن هاوپەیمانانەوە و ڕووخانی ڕژێمەکەی ڕەزا شا، هەندێک لە گیراوانی سیاسیی ئازادکران، لەنێو ئازادکراوەکاندا گروپ گەلێک کە(٥٣) گیراوی لە خۆدەگرت بە ڕێبەرایەتی دکتۆر ئارانی ئەم حیزبەیان دامەزراند هەروەها ئەم حیزبە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی تا ڕووخانی حکومەتی نیشتمانی دکتۆر موسەدیق مەزنترین و جەماوەرترین حیزبی بەرهەڵستکاری سەر شانۆی سیاسیی ئێران بوو. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(فاتیمە سەمادی، تەوژمە سیاسیەکانی ئێران، و. بەرزانی مەلا تەها، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٦؛ کیانوری نورالدین، پرسش و پاسخ دربارەء مشی سیاسی حزب توده ایران، چاپ أول، شرکت سهای، تهران، ١٣٥٨، ص٢٤.

[٣]- یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران(١٩٤١-١٩٨٣ز)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٦.

شایەنی باسە حیزبی تودە بە پشتبەستن بە سیاسەتی لایەنگری و پشتگیری بێ قەید و شەرتی باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی، و بەستنی پەیوەندی توند وتۆڵ لەگەڵ شورەویدا و هەوڵدان بۆ نەخشاندنی ڕووی شۆڕش وەک شۆڕشێکی دژی ئەمریکا و بلۆکی سەرمایەداری توانی تارادەیەک و بە شێوەیەکی کاتی شوێنی خۆی لەسەر شانۆی سیاسی وڵات بکاتەوە و وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی وەفادار و یاسایی لە پێشەوەی خەتی ئیمام دا خۆی بنوێنێ، بێ ئەوەی حیسابێک بۆ ئەو ڕاستییە بکات کە باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی و حکومەتی ویلایەتی فەقێ هەروا بە ئاسانی مەسەلەکانی ڕاگرتنی ئۆپۆزیسیۆن و وەفاداری حیزبێکی مارکسی و چوونە نێو بلۆکی سۆسیالیستی پێ هەرەس ناکرێت بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی ڕژێمی شاهەنشاهی لە شوباتی ساڵی١٩٧٩دا[١]، هەروەها بلوریان سەبارەت بەم هەڵوێستە چەوتەی حیزبی تودە نوسیویەتی:"حیزبی تودە لەبەر دوو هۆی سەرەکی پێشوازیی لە حکومەتی خومەینی کرد و ببوە بڵندگۆی خومەینی و وشەی ئیمامی زیاتر بۆ زەق کردەوە، یەکەم دەیویست سەرنجی خومەینی بۆ لای خۆی رابکێشێ و لەم ڕێگایەوە درێژە بە خەباتی سیاسی بدات، دووەم لای وابوو خومەینی بەتوندی دژی ئیمپریالیست و بە تایبەتی دژی ئەمریکایە و لە ڕێگەی دژایەتی ناوبراو لەگەڵ ئەمریکا، ئابووری ئێران بەرە و ڕێگای گاشەکردنی غەیرە سەرمایەداری دەبات و وای دانابوو کە خومەینی لە ئاکامدا هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێ جگە لەوەی بکەوێتە نێو کەناڵی وڵاتە سۆسیالیستەکانەوە و تەنانەت ئەگەر ناوی ئیسلامیشیان بە خۆوە هەڵواسێ"[٢]، هەر بۆیە حیزبی تودە لەم قۆناغەدا دروشمی

---

[١]- یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگارییخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١، ل٦١٨-٦١٩.

[٢]- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک. بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٧، ل٢٨٨.

قووڵکردنەوە و فراوانکردنی شۆڕشیان دووپات دەکردەوە و بە تاکتیکی ئەو قۆناغەیان هەڵبژاردبوو.[1]

لە هەمان کاتدا هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە پێناو پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسیی و گرتنە دەستی دەسەڵات لە ململانێیەکی توندا بوون، تێکرای مەسەلەکەش بەو ئاقارەدا دەڕۆیی کە باڵی ڕادیکاڵی مەزهەبی و ئاخوندە بونیاد گەراکان بە ڕابەرایەتی خومەینی لە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی تیۆکراتی بانگخواز و دەرپەڕاندنی تێکڕای هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی ئێران بوون لەسەر شانۆی سیاسیی وڵات، بەتایبەتی هێزە لیبراڵ و چەپ و سیکۆلارەکان.[2]

حیزبی تودە لەم قۆناغە چارەنووس سازەشدا سیاسەت و هەڵوێستێکی هێندە چەوت و نالەباری گرتەبەر کە نەک هەر ڕۆڵێکی خەتەرناکی لە باربردنی شۆڕش و بەلاڕێ لابردنیدا دێت، بەڵکو سەرخۆیشی پێوە خوارد ئەویش بە پشتکردنە نێوەرۆکی سیکۆلاری هەر حیزبێکی مارکسی و چەپی ئەم جیهانە و بوونە ماسکی هێزێکی مەزهەبیی و ڕێگا خۆشکردن بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی تیۆکراتی لە ئێراندا.[3]

(کیانوری)[4] سکرتێری یەکەمی حیزب و ئارستە کەری سیاسەتەکانی تودە، لەم قۆناغەدا پێی وابوو ڕێبەرایەتی ئاخوندی و باڵی توند ڕەوی

---

[1]- یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگارییخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، ل ٦٢٠.

[2]- علی مورشید زادە، حیزبی تودەی ئێران(سەرهەڵدان و هەڵوەشاندنەوەی)، http://www.milletetpress.com

[3]- محمد مهابادی، س. پ، ل ٢١.

[4]- کیانوری: ناوی تەواوی نورەدین کیانورییە لەساڵی ١٩١٥ لە شارۆچکەی نوری سەر بە مازندەران لە دایکبووە، سکرتێری حیزبی تودە بووە، خەباتی سیاسیی کردووە لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٤، خوێندنی لە ئێران و ئەڵمانیا تەواو کردووە، مامۆستای زانکۆ بوو لە بەشی بیناسازی لە زانکۆی تاران، لەپاش شۆڕش گەڕایەوە

مەزهەبیی لە ڕووی چینایەتیەوە بەشێک نین لە بورجوای مەزن و مولکدارە گەورەکان و پەیوەندییان بە هێزە کۆمپرادۆرەکانی ئێرانەوە نییە، بەڵکو ئەوانە نوێنەری ڕاستەقینەی زەحمەتکێشان و بورجوای شار و سەرمایەداری بچووک و ناوەندین و هەوڵەکانیان بۆ ڕاوە دوونانی پیاوان و لایەنگرانی ڕژێمی شاهەنشاهی و دەست بە سەراگرتن و تالانکردنی مولک و ماڵیان هەروەها بانگەواز کردن بۆ ڕزگاری لانەوازنی جیهان و هەڵبرینی خەبات دژی ئەمریکا و ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا بۆ سەلماندنی ئەو دیدە، شایەنی باسە حیزبی تودە ئەو باوەرەی لادروست ببوو، کە شۆڕشی گەلانی ئێران بە ڕابەرایەتی خومەینی و باڵی توندڕەوی مەزهەبی دەتوانێت لە دژایەتیکردنی کۆنەپەرستی نێوخۆی وابەستەی ئیمپریالیزم هەنگاوی مەزن بهاوێت و سەربەخۆیی سیاسیی و ئازادی نیشتمانی وەدیبهێنێ، لە ڕاستیدا حیزبی تودە کە ڕۆڵی حیزبێکی بەرهەڵستکاری وەفادار و یاسایی دەبینی، وێرای ئەوەی ئاکاری توند ڕەوانە و سەرە ڕۆیانەی دەسەلاتدارانی ڕژێمی نوێی پاساو دەدا و بەکاری شۆڕشگێڕانە و دژی ڕژێمی شا لە ئەوەشدا بوو درز بکاتە نێو ڕێکخراوە چەپەکانی دیکەی ئێران و لەو ڕێگایەوە بیانهێنێتە خەتەوە و لایەنگر بۆ سیاسەتەکانی بدۆزێتەوە یاخود هانی پەرت بوون و جیابوونەوە لەنێو ئەو ڕێکخراوانە بدات و ئەوانە بگرێتە خۆی کە هاودیدی حیزبی تودەن و ڕێگای نا سەرمایەداری گەشە سەندنیان بە ڕێبەرایەتی ئیمام قبوڵە.[1]

---

ئێران و کرا بە سکرتێری حیزبی تودە، ساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایکرد. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە: (نورالدین کیانوری، https://www.bbc.com/persian/iran-47077281).

[1]- یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە، ل٢٠.

پاش دروستبوونی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران لەنێوان سالانی (١٩٧٦-١٩٧٩)، ڕێکخراوی (موجاهیدینی خەلق)[١]، ڕۆڵی کارا و دیاریان گێڕا ڕێکخستن و درێژەدان بە ڕەوتی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان[٢]، ئەمەش بۆ بنکەی جەماوەریی موجاهیدینی خەلق دەگەڕێتەوە لە ناو خەڵک و بە تایبەت لە ڕیزی قوتابیان بە هۆی هۆشیاری سیاسیی ئەوان لە ڕووی مێژووییەوە ئامادەبوونی قوتابیان بۆ سیمینارەکانی فکری ئیسلامیی پێشکەوتوو خوازی کە شەریعەتی و تالەقانی پێشکەشیان دەکرد، هاوکات بوونی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابی و مامۆستا لە ڕیزی ڕێبەرایەتی موجاهیدینی خەلق پشتگیری زانکۆکانی بە دەستهێنابوو[٣] ، هەرچی پەیوەندی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقە بە زانکۆکانەوە و کار و چالاکیەکانی لە زانکۆکاندا ئەوان لە ساڵی ١٩٧٥ مانگرتنێکی گشتیان لە زانکۆی(ئاریامهر)لە تاران ڕێکخست بۆ زیندوو کردنەوەی یادی دامەزرێنەران ڕێکخراوەکە دەستیکرد بە کۆکردنەوەی پشتگیری جەماوەری لە زانکۆکانی ئێراندا و پەرەیدا بە پەیوەندیە تۆکمەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی قوتابیانی موسوڵمان موجاهیدینی خەلق ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە پشتیوانیکردن و ڕێبەرایەتی کردنی

---

[١]- موجاهیدینی خەلق: ڕێکخراوێکی نەیاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە ساڵی (١٩٦٥) لەلایەن سێ گەنجی چالاک و کارامەوە کە دەرچووی زانکۆ بوون بە نهێنی دامەزرا ئەوانیش (موحەمەد حەنیف نەژاد، سەعید موحسین، عەلی ئەسفەر بەدیع زادگان)، و بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بوو، هەروەها تەنیا ڕێکخراو بوو کە مارکسیزم و ئیسلامی یەکخستبوو. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:( محمد فاتح، ژیانی سیاسی لە ئێران سەدەی بیستەم، ، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی، هەولێر، ٢٠١٨، ل١٩٧.؛ شەریف عەلی هەژاری، موجاهیدینی خەلق و هەڵوێستی بەرامبەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا(١٩٦٤-١٩٩٤)، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ل٢٦).

[٢]- شەریف عەلی هەژاری، س. پ، ل٩٣.

[٣]- وەلید مەحمود عەبدونناسر، هەڵکشان و داکشانی تەوژمی ئیسلامی پێشکەوتوخوازیی لە ئێران(١٩٦٥-١٩٨١)، و. بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٠٥-١٠٦.

خۆپیشاندانە خوێندکاریەکانی زانکۆکانی تاران و مانگرتنە گشتیەکان لە زانکۆکانی تر کە بوو بە هۆی داخستنی ئەو زانکۆیانە[1]

بە هاتنی نەورۆزی ١٩٧٨ کە هاوکات بوو لەگەڵ ساڵی نوێی هەتاوی لە ئێراندا، نارەزایەتیەکان تادەهات فراوانتر دەبوون حەمە رەزا شا هەوڵیدەدا لە رێگەی گۆرینی هەندێ لە بەرپرسەکان و تەنانەت خودی سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی کابینەی نوێ مەودای نارەزایەتیەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەمە نەبووە هێورکردنەوەی خۆپیشاندانەکان، ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان بوو بە دروشمی خۆپیشاندەران، لەم کاتەدا بە هەزاران خۆپیشاندەر لە بەردەم زیندانی(قەسر)دا خۆپیشاندانیان کرد بریاریاندا تا بەدیهێنانی داواکارییەکانیان رێگەی زیندان بە جێنەهێڵن[2]، ئەوە بوو بەهۆی فشاری دەرەکی زۆر و خۆپیشاندانی نێو خۆییەوە شا ناچار بوو سەدان زیندانی سیاسی ئازاد بکات و زۆریش لەو ئازاد کراوانە لە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق بوون، لەوانە(مەسعود رەجەوی)[3] یەکێک بوو لەو ئازاد کراوانە[1]،

---

[1]- وەلید مەحمود عەبدوناسر، س. پ، ل١٠٤-١٠٥.

[2]- کۆمەڵی ژیانەوە، ئۆپراسیۆنی مروارید، چ١، بڵاوکراوەی هیمەت، ٢٠٠٦، ل٣.

[3]- مەسعود رەجەوی: لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری (تەبس)ی سەر بە پارێزگای خۆراسان لەئێران لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەشهەد خوێندده، پاشان روویکردۆتە تاران و خوێندنی یاسا و رامیاری لەو شارەدا تەواو کردووە، ناوبراو لە تەمەنی لاویەتیدا لەژێر کاریگەریی نووسراوی کتێبەکانی بیریاری ناسراوی شیعی(ئایەتوڵڵا تاڵەقانی)بووە، لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ بوونی پێشینەی ئاینیی راستەوخۆ پەیوەندی بە(محەمەد حەنیف نەژاد)ی لە دامەزرێنەرانی موجاهیدین کردووە، لەبەر چالاکییەکانی کراوەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی رێکخراوەکی، لە ساڵی ١٩٧١ لەلایەن دەسەڵاتدارانی رژێمی پاشایەتییەوە زیندانیکراوە و فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرکراوە، بەڵام بە فشاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی فەرمانەکە گۆراوە بۆ زیندانی هەمیشەی، تا (٢٠/کانوونی دووەمی/١٩٧٩)ئازادکراوە، دوای ئازادکردنی بۆتە سەرۆکی موجاهیدینی خەلق، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایکردووە. بۆ زانیاری زیاتر؛ بروانە:(بیوگرافی مسعود رجوی، http://znameh.blogfa.com/pest/38 ).

ناڕەزایەتیەکان لە(ئابی ١٩٧٨)کە هاوکات بوو لەگەڵ مانگی ڕەمەزان فراوانتر بوو، خۆپیشاندان لە شاری ئەسفەهان توندوتیژی لێکەوتەوە چەندین هۆتیل و سینەما و بانک و دامودەزگای حکومی سوتێنران و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی خەڵکێکی زۆر، شا لە پێشتردا پارتی(ڕستاخیز)ی دروستکرد بوو و توانیبووی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبهێنێت لە سەرکوتکردنی پارتە سیاسییەکان و داخستنی کۆمەڵە و سەندیکاکان هاوکات کۆکردنەوەی هەموویان لە چوارچێوەی ئەو پارتەدا، بەڵام بێ ئاگابوو لەو توانا گەورەیەی پیاوانی ئاینی هەیانبوو بەسەر خەڵکی ئێرانەوە، لە خۆپیشاندانەکاندا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەگەڵ گروپەکانی تر دەستیان بە خۆپیشاندان کرد بوو[٢]، موجاهیدین لێبڕاوانە هەوڵ و کۆششیان بەگەڕخست بۆ فراوانکردنی ڕێکخستنەکانیان و کردنەوەی ناوەندی نێ لە شارە جۆراوجۆرەکان پێنج ناوەندی جیایان کردەوە کە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی ئەم ڕێکخراوەیان پێکدەهێنا، بریتی بوون لە(گروپی ژێر زەمینی چەکدار، ڕێکخراوی لاوانی موجاهیدین، جوڵانەوەی کرێکارانی موسوڵمان، ناوەندی ڕێکخستن، ڕێکخراوی ژنانی موسوڵمان)[٣]، ئەو ستراتیجەی ڕێکخراوەکە گرتیە بەر خەباتی چەکداری و هەڵمەتی تیرۆر بوو ئامانجیش لێی خۆبەدوورگرتن بوو لە ڕووبەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕژێم گەیشتە ئەو بڕوایەی کە گیان فیداکردن تاکە ڕێگەی سەرکەوتنە ئەمەش لەلای گەلی ئێران چەسپا.[٤]

لە١٩٧٩پاش ئەوەی گەلانی ئێران بە شێوەیەکی هاتنە سەر شەقامەکان و داوای ئازادی و مافەکانیان دەکرد، توانیان حکومەتی

---

[١]- یودیت نیورینک، شەهیدانی وێڵ، و. بۆ ئینگلیزی: پ.س.ویلیەمز، و. بۆ کوردی: لیژنەیەک لە دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٨-٢٩.
[٢]- ه. س، ل٢٩.
[٣]- شەریف عەلی هەژاری، س. پ، ل٩٤.
[٤]- وەلید مەحمود عەبدونناسر، س. پ، ل١٠٨.

حەمە ڕەزا شا بڕوخێنن بەڵام بەهۆی نەبوونی بەدیل لای ئۆپۆزسیۆنی دیموکرات و پێشکەوتوو خواز دەسەڵات کەوتە دەست ئاخوندەکانی ئێران حکومەتی(ویلایەتی فەقیهیان)لە ژێر ناونیشانی کۆماری ئیسلامیی دامەزراند، بێگومان موجاهیدینی خەلق پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ هەندێک لە کەرتەکانی دامەزراوەی ئاینی شیعەدا هەندێک لە ئەندامانی لە کوڕانی پیاوانی ئاینی پێکدەهاتن هەندێکی تریشیان لە پیاوانی ئاینی پێشکەوتووخواز وەک(تاڵەقانی)، ئەو پیاوە ئاینیانە دانیان نا بە ڕۆڵی موجاهیدینی خەلقدا لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە دأ بە شای ئێران بەڵام هەڵوێستی موجاهیدینی خەلق لە بەرامبەر دامەزراوەی ئاینی شیعە بە شێوەیەکی گشتی ڕەخنەگرانە بوو، هۆکارەکەیشی هاوشێوەی هەڵوێستەکانی شەریعەتی و تاڵەقانی بوو،واتە ئیسلام دان بە بوونی چینی پیاوانی ئاینیدا نانێت[1]، لە سەرەتادا پەیوەندی موجاهیدین و خومەینی پەیوەندیەکی ئاسایی بوو لە ساڵی١٩٧٩ موجاهیدین لە بڵوکراوەیەکدا نووسیان:(ئایەتوڵا خومەینی لە هەستیارترین کاتی ئەو خەباتەدا وەک نوێنەری شەرەف و ئازادی خەڵک نازناوی ئیمامیان پێدا)، وێرای پشتیوانی لە خومەینی بیروڕای خۆشیان لە سەرانسەری ئێران بڵاودەکردەوە[2]، وێرای پشتیوانی لە خومەینی پشتیوانی تەواویشیان لە تاڵەقانی دەکرد، موجاهیدین هەوڵێکی زۆریاندا لە ڕووداوە سیاسیی و ناسیاسیەکاندا ڕۆڵێکی گرنگی پێ بدرێت بەڵام ئاخوندەکانی نێو شورای ئینقلاب و حیزبی کۆماری ئیسلامی ئەو دەرفەتەیان پێ نەدا، بە تایبەت خومەینی ڕێی بەمە نەدا پاشان(ئەبولحەسەن بەنی سەدر)بە یەکەم سەرۆک هەڵبژێردرا[3]، مەسعود ڕەجەوی لەگەڵ ئەبولحەسەن بەنی سەدر لە ڕێکەوتی(٢١/حوزەیران/١٩٨١ز)، هەماهەنگی و هاوپەیمانیەکی سیاسی

[1]- وەلید مەحمود عەبدوننارس، س. پ، ل١١٢-١١٣.

[2]- کۆمەڵەی ژیانەوە، س. پ، ل٧.

[3]- یودیت نیورینک، س. پ، ل٣٠.

دروستکرد پێکەوە بانگەشەی چاکسازی سیاسیی و کۆمەڵایەتییان دەکرد، پاش ئەوەی بە فەرمانی خومەینی بەنی سەدر لەسەر کار لابرا سورجەم لق و نوسینگە و ڕۆژنامەکانی سەر بە ڕێکخراوی ناوبراو لە ئێران داخست ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردە و کادیرەکانیان دەستگیرکران.[1]

هەروەها ڕۆڵی گروپی(چریکە فیداییەکان)[2]، کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە شۆڕشەکەدا، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٧-١٩٧٠ زۆرێک لە ئەندامانیان کەوتنە گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر خەباتی پارتیزانیی، هەندێکیان بریاریاندا ناوچە شاخاویی و دارستانەکانی ئێران بکەنە شوێنی خەباتی پارتیزانییان و دەست بە خەباتی چریکی دژی ڕژێم بکەن، بەڵام هەندێک لە چریکییەکان لەو باوەڕەدا بوون بەبێ پشتیوانی لە شارەکان، ئەم کارە ئەستەمە، دواجار چریکییەکان دوو گروپی شاخ و شاریان پێکهێنا، گروپی شاخ ناوچە دارستان و شاخاوییەکانی باکووری ئێران و ناوچەی گەیلانیان، چونکە ئەو ناوچەییە ناوچەیەکی شاخاوی

---

[1]- مۆفەق میراودەلی، موجاهیدینی خەلقی ئێران و ڕۆڵی لە سەرکوتکردنی ڕاپەرینی ١٩٩١دا، ماڵپەری کوردستانی نوێ، ٢٠١٨/٣/١٩، https://knwe.org/?p=١٣٥٨١

[2]- چریکە فیداییەکان: ئەم ڕێکخراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو گروپ پێکهاتن، گروپی یەکەمیان ژمارەیەک لایەنگر و ئەندامی حیزبی تودە بوون کە پاش جیابوونەوە لەو حیزبە بەڕابەری (بێژەنی جەزنی) لە ساڵی ١٩٦٣دا مەجودییەتی خۆیان ڕاگەیاند، گروپی دووەمیش کۆمەڵێک لاوی مارکسیست بوون بەڕابەری (مەسعودی ئەحمەد زادە)، ئەم ڕێکخراوە بە پەیرەوی کردن لە ئایدۆلۆژیایی مارکسیسم- لێنینیسم و سەربەخۆ لە بلۆکی جیهانی کۆمۆنیزم کەوتنە کار، بێ ئەوەی ڕابەرایەتی یەکێتی شورەویان قبوڵ بێت، بەڵکو زیاتر پەیڕەوییان لە چین و ڕێبازی ماویزم دەکرد، گرنگترین کاری ئەم ڕێکخراوە دژی ڕژێمی شاهەنشاهی پەلاماری چەکدارەکانی پاسگای(سیاهکل)لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا بە سەرپەرشتی (عەلی ئەکبەری سەفائیی)، پاش ئەم چالاکییە و ناسینی ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ساواکەوە، ڕژێم پەلامارێکی توندی کردنە سەر و بەشێکی زۆری ڕێبەرایەتی و ئەندامەکانی کوشتن و باقی تریشی بۆ زیندانەکان راپێچ کردن. بۆزانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(سید جلال الدین مدنی، تاریخ سیاسی معاصر ایران، جلد أول، دفتر انتشارات اسلامی، قم ١٣٦١، ص١٤٥-١٤٧).

بوو، لە هەمانکاتدا بەهۆی چڕی دارستانەکانەوە لە هێرشی ئاسمانی پارێزراو دەبن[1]، ئەم ناوچەیەیان هەڵبژارد بۆ کار و چالاکی خۆیان کردیانی بنکەی سەرەکییان، لە هەمانکاتدا هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی چەک و پشتیوانیی دەرەکی، لە سەرەتادا ئەم دوو گروپە بڕیاربیانداوە تا خۆیان ئامادە نەکەن هیچ کارێکی چەکداریی ئەنجام نەدەن، دواجار بەهۆی زیندانی هاوڕێیەکیان لە سەربازگەی (سیاهکل)، ناچار هێرشیان کردە سەر سەربازگەکە و ئەم ڕووداوەش بە ڕووداوی سیاهکل ناسرا، هەرچەندە چریکییەکان توانییان هاورێکەیان ڕزگار بکەن و چەند سەرباز و پاسەوانێکی ناو سەربازگەکە بکوژن و ژمارەییەکی تر بریندار بکەن[2]، بەڵام شا بە بیستنی ئەم هەواڵە هەڵوێستی توندی نواند و هێزێکی زۆری بۆ ناوچەکە نارد، بە هیلیکۆپتەر هێرش کرایە سەر چریکییەکان و دوای گەڕان بە ناوچە شاخاوییەکانی گەیلان، توانیان بۆ ماوەی سێ هەفتە زۆرێک لە چریکییەکان بگرن، بە فەرمانی شا دوای زیندانی ئەندامانی گروپی شاخی چریکییەکان بڕیار درا سیانزە کەسیان بە بیانووی چەند تۆمەتێک لەوانە نانەوەی پشێوی لە وڵات و هەوڵدان بۆ دزینی چەک...هتد لە سێدارەبدرێن[3]، دواجار لە ١٧/ئازاری/١٩٧١لە سێدارەدران، هەرچەندە ڕووداوی سیاهکل شکستی گەورەبوو بۆ چریکییەکان، کە تەواوی ئەندامانیان دەستگیرکران و بەشێکی زۆریشیان کوژران، لە هەمانکاتدا سەرەتای سەرهەلدانی جووڵانەوەیەکی تووڕە ئامێز بووە دژی شا، چریکییەکان سەرکەوتوو بوون لە هەژاندنی ڕژێمی پەهلەویی و هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ئێران و هاندانیان بۆ خەباتی چەکدارانە،نووسینەکانی وەک(خەباتی چەکدارانە)، (خەباتی

---

[1]- یرواند ابراهامیان، س. پ، ص ٤٤١-٤٤٩.

[2]- شەیما سەعید حمەلاو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا)(١٩٦٩-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٧٦.

[3]- یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، س. پ، ل٢٨٧.

چەکدارانە هەم تەکتیک و هەم ستراتیژ)، کە لەلایەن دوو لە سەرکردەی چریکییەکان نووسرابوون، بوونە ئیلهام بەخش بۆ سەرجەم جوڵانەوە نوێیەکان، چ کۆمۆنیستەکان، یان ئیسلامییەکان بێت، لە هەمانکاتدا ئەم نووسینانە و بانگەشەکردن بۆ ئەم جۆرە خەباتە کاریگەریی گەورەی کردە سەر ڕۆشنبیران و خوێندکاران لە زانکۆکانی ئێران.[١]

[١]- شەیما سەعید حمەلاو، س. پ، ل٧٧.

## باسی سێیەم:
## کاریگەری شۆڕشەکە لەسەر ناوخۆی ئێران و وڵاتانی دراوسێی

هەموو شۆڕشێک کە لەدونیادا ڕوودەدات کۆمەڵێک کاریگەری لەدوای خۆی جێدەهێڵێت لەسەر ناوچەکە خۆی و ناوچەکانی دراوسێی، هەروەها کاریگەریەکان کە ڕوودەدات هەندێک جار باشن و هەندێک جار خراپن.

سەبارەت بە کاریگەری شۆڕشی ئێران لەسەر ناوخۆی ئێران کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕیشەی هێنایە کایەوە، بۆ نمونە گۆڕینی سیستەمی شا لەوڵاتی ئێران، دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خەڵکی بۆ ماوەیەکی کورت، بەربوونی کۆمەڵێک کەسایەتی کە لەزیندانەکاندا بوون لەگەڵ گەڕانەوەی کۆمەڵێک کەسایەتی ئێران کە لەوڵاتە بیانیەکان بوون لەسەردەمی شادا دوور خرابوونەوە[1]، هەروەها کاتێک شۆڕش سەرکەوت و شا لەسەر تەخت نەما و خومەینی ڕۆیشتە سەر دەسەڵات هەر لەسەرەتاوە دەستورێکی تازەیان بۆ وڵات نووسی لە خاڵی ژمارە دوانزە هاتبوو کە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت مەزهەبی جەعفەری دوانزە ئیمامیە بەم جۆرە ستەمێکی تازەیان لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات دروستکرد، کە ستەمێکی مەزهەبی بوو کەبێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ گەلی ئێرانی مەزهەبێکی شیعەی دوانزە ئیمامیان کرد بە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەتی ئێران، ئەم کارەی خومەینی ڕاستەوخۆ بووە هۆکاری بەدوادا هاتنی ستەمێکی ئاینیی و کۆمەڵایەتیی بۆ سەر ئەو کەمە نەتەوایەتیانەی کە لەئێراندا بوون و شیعە مەزهەب نەبوون[2]، ئەو

---

[1]- زاهیر محەمەدی، هەموو شتێک لەبارەی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، https://www.peyserpress.com/detail/1180

[2]- پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولرەحمان و سوزان کەریم مستەفا، رۆڵی گەلە نافارسەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران١٩٧٩(عەرەب وەک نموونە)، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، خولی سێیەم، بەشی(٨)، ژمارە(١)، کانونی یەکەمی ٢٠١٤، ل٥٩.

کەمە نەتەوایەتیانەیش وەکو (کورد، عەرەب، پشتون، بەلووچ)، جگە لەوانەیش کەمینەیەکی زۆر تورک لەئێراندا هەبوون کە شیعە نەبوون، ئەمانە ستەمێکی ئاینیان لێ دەکرا[1]، ڕاستە لەسەردەمی شادا ئازادی نەبوو بەڵام ئازادی ئاینیی هەبوو بەو جۆرەی کە کەسێک عەرەب بێت بەویستی خۆی لەسەر مەزهەبێک بێت، هەروەها نمونەی یەکێک لەو کەسانەی کە دژی ئەم کارەی خومەینی وەستایەوە (ناسری سوبحانی)[2] بوو کە لە پێشتردا لایەنگری خومەینی بوو و هاوکاری خومەینی کرد بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە، بەڵام دوای ئەوەی خومەینی ستەمی ئاینی لە کەمە نەتەوەکان کرد ناسری سوبحانی لە ڕێکەوتی (٢٩/ئایار/١٩٧٩)دا بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە ستەمە میللی و مەزهەبییەکانی

---

[1]- پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولرەحمان و سوزان کەریم مستەفا، س. پ، ل٥٩-٦١.

[2]- ناسری سوبحانی: ناوی تەواوی ناصر کوڕی محمد ڕەشید کوڕی کاکە ئەحمد کوڕی سوبحان کوڕی ئاغا وەیس کوڕی ڕەسوڵە کوردە کوڕی محمد کوڕی ئیلیاسە، لە ڕۆژی شەممە لەرێکەوتی(١٤/١٠/١٩٥١)لە ئاوایی (دووریسان) سەر بە شاری(پاوە)، لە پارێزگای کرماشان لەدایکبووە، ناوبراو یەکێکە لە زانا هاوچەرخەکانی جیهانی ئیسلام، کە لەبواری ڕاڤە کردن و ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن و قووڵ بوونوە لە ناوەڕۆکی بابەتە قورئانیەکان، هەروەها ناوبراو هاوکاری شۆڕشی ئیسلامی ئێران کرد، لەرێکەوتی ١٩/٣/١٩٩٠دا بردیانە ناو (دادسەرای ئینقلابی سنە) و پێی ڕادەگەیەنن کە فەرمانی لە سێدارەدانی دەرچووە و ئەگەر تۆبە نامەیەک بنووسیت سزاکەی بۆ سووکتر دەکەن، بەڵام سەرەڕای گوشاری لە ڕادەبەدەر ئامادە نابێت ئەو داواکاریە پەسەند بکات، چاوی دەبەستن و دەیبەن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکە، پاش ئەوەی لەو پەری هێمنیدا نوێژی عیشا دەکات، دەیبەنە سەر سەکۆی لەسێدارەدان، لەوێشدا جارێکی تر داوای پەشیمان بوونەوەی لێدەکەن هەتا سزاکەی سووکتر کەن بەڵام بەم جۆرە وەڵامیان ئەداتەوە:" ئەگەر بە هیوای ئازادبوون، لە هەڵوێست و باوەری خۆم پەشیمان بوومەوە و ئازاد کرام بەرە و دەرەوەی بەندینخانە هەنگاوم نا، کێ ئەتوانێ دەسەبەری ئەوە بکات کە لەبەردەم دەرگای گرتووخانەکەدا ئۆتۆمبیلێک لێم نادات و نامکوژێت؟ بە بڕوای ئێوە ئێوە جیاوازی نێوان ئەم دوو مەرگە چییە؟ بۆیە لە تەمەنی ٣٨ساڵیدا شەهید دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(ژیاننامەی مامۆستای شەهید ناسری سوبحانی، https://qadirzada.com/Mamosta-Nassr-subhani-23-11-2017.html.

دەوڵەتی ئەو کاتەی ئێران، لە شاری قوم چاوی کەوت بەڕێبەری شۆڕش بەناوی وەفدی هاورێییەوە ناڕەزای بوونی خۆی لە بارودۆخەکە خستەڕوو، و دیاریکردنی مەزهەبی فەرمی بۆ وڵاتی بە سەرەتای پێشێلکردنی ئامانجەکانی شۆڕش و هۆکاری هاتنە ئارای کێشەی مەزهەبی و پشتگوێخستنی مەزهەبی ئەهلی سوونە لە قەڵەمدا، لە وەڵامی ئەم ناڕەزایەتیانەدا رێبەری شۆڕش لە وتەیەکی کورتدا جەختی لەسەر پشتیوانیکردن لە شۆڕش و حکوومەتی نوێی ئێران و هۆشیاربوون لە بەرامبەر پیلانەکانی دوژمنان کردەوە و وەفدەکەی دڵنیا کردەوە کە لەم بارەوە هیچ مەترسیەکیان نەبێت، چونکە هیچ مەزهەبێک بەسەر مەزهەبێکی تردا زاڵ نابێت.[1] ماوەیەک دوای ئەم دیدارە ئەم دوودڵیە لەدڵی ناوبراودا ڕەگی داکوتا کە ڕێبەرانی شۆڕش هیچ خواست و ویستێکیان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە دەستنیشان کراوەکان نیە و هەربۆیەش بە مەبەستی ڕووناککردنەوەی ڕای گشتی چەند چالاکیەکی ئەنجامدا، بۆ نمونە بابەتێکی بەناوی (ڕەخنەیەک لە ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی) لە ژمارەی ١٠٧٥٩٥ی ڕۆژنامەی (کەیهان)ی ڕۆژی یەک شەممەی (٨/تەموز/١٩٧٩)دا نووسی کە تیایدا ڕەخنەی لە (سی و دوو) خاڵی یاسای بنەڕەتی گرتبوو، هەر لەم پەیوەندیەدا لە (حوسەینیەی ئیرشاد)ی تاران و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک خاوەن بیر لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە چاککردنی بابەت گەلێک لەیاسای بنەڕەتی خستەڕوو[2]، هەروەها لەرێکەوتی(١٤/کانونی یەکەم/١٩٧٩)دا جارێکی تر لەبەر پێداگری چەند کەسایەتیەکی ناودار لەگەڵ وەفدی نیازپاکی (هیأت حسن نیت)دا دیدارێکی کرد و جارێکی تر ناڕەزایەتی خۆی لە پێشێلکرانی ماف گەلی ئەهلی سونە و میللەتی کورد لەلایەن دەوڵەتی ئەو کاتە دەربڕی، هەرچەندە رێبەرانی ئەهلی

---

[1]- بەرهەم، مامۆستا ناصری سوبحانی، چ٤، دەزگای بەرهەم، ٢٠٠٦، ل٥٧-٥٩.

[2]- ژیاننامەی مامۆستای شەهید ناسری سوبحانی، https://qadirzada.com/Mamosta-Nassr-subhani-23-11-2017.html.

سونە لەهەموو ئێراندا نارەزای بوون لەخاڵی ژمارە دوانزەی رەشنووسی یاسای بنەرەتی کە تیایدا ئاماژە کرابوو بە رەسمی بوونی مەزهەبی جەعفەری دوانزە ئیمامی و نەگۆربوونی ئەو خاڵە بۆ هەمیشە[1]، بەڵام ئەم خاڵە دەسکاری نەکرا هەربۆیە ناسری سوبحانی و ژمارەیەکی زۆر لە هاوەڵانی بۆ هەمیشە ماڵئاواییان لە گۆرەپانی شۆرش کرد و دەستیان لە هاوکاری لەگەڵ رێبەرانی دەوڵەتی ئەو کاتەی ئێران کێشایەوە و ئیتر بە تەواوی کاتی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە قورئانیەکان و بانگەواز و پەروەردەکردنی لاوان و راستکردنەوەی بۆچوونە هەڵەکان و روونکردنەوەی راستیەکان تەرخان کرد.[2]

بیست و چوار رۆژ دوای سەرکەوتنی شۆرش خومەینی لەوتارێکدا راپگەیاند کە دەبێت ژنانی ئێران حیجاب بکەن، لەئەنجامی ئەم بریارەدا خۆپیشاندانی ژنان لە تاران و چەند شارێکی تری ئێران دەستیپێکرد، گوتارێکی توند و ئایینی دژی ژنانی بێ حیجاب دەستیپێکرد، ئەو ژنانەی بروایان بە حیجابی زۆرە ملێ نەبوو بەبێ رەوشت و لەشفرۆش وەسف دەکران، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٣ حیجاب بوو بە یاسا و هەموو ئەو ژنانەی لەئێران حیجاب ناکەن تووشی سزای یاسایی دەبنەوە، جگە لەوەش ستایلێکی ئیسلامیش بۆ پیاوان دیاریکرا ریشدانان بووە نەریتێک بۆ هەموو ئەو پیاوە چەکدار و بێ چەکانەی لەناو بازنەی دوسەڵاتدا بوون، زیاتر کرسی مل خریان لەبەر دەکرد کە پیانوابوو ئیسلامییە.[3]

جگە لەوە لەساڵی ١٩٨١دا، شۆرشی کلتوری راگەیەنرا کە ئامانجەکەی داخستنی زانکۆ و دەرکردنی مامۆستایانی نارازی و عەلمانی بوو، زانکۆکان بۆ ماوەی دووساڵ داخران و بە ناوی پاراستنی دینەوە،

---

[1]- بەرهەم، س. پ، ل ٥٩-٧٢.

[2]- هـ. س، ل ٧٦.

[3]- رەحمان نەقشی، چل ساڵەی شۆرشی گەلانی ئێران، ئین ئارتی،ب. ش، ب. س، ل ٨١-٨٢.

ژمارەیەکی زۆر مامۆستایانی زانکۆیان دەرکرد و فیلتەرێکیشیان بۆ وەرگرتنی خوێندکار و دامەزراندنی مامۆستای نوێ دانا، بۆ ئەوەی تەنیا ئەوانە مافی چوونە زانکۆیان هەبێت کە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە بێژنگ دراون[1]، یاسای سزادانی وڵات بەپێی شەرع و لە بەرژەوەندی دەسەڵات دارێژرایەوە، خومەینی بە بریارێک سیستەمی دادی ئێرانی بە تەواوی هەڵوەشاندەوە و بە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی ئێران وکەسانی یاسایی و پسپۆر دوو مەلای ڕاسپارد کە یاسایەکی ئیسلامی و شەرعی بۆ وڵات بنووسنەوە، هەروەها هەڵمەتێکی بەرفراوانی بەرتەسکردنەوەی ئازادی تاک دەستی پێکرد، لەماڵەوە تا شەقام و لەشوێنی کارەوە تا دامودەزگاکان خرانە ژێر چاودێری وردی حکومەتەوە، واتا هیچ ئازادیەکیان بۆ خەڵکی نەهێشتەوە.[2]

سەبارەت بە کاریگەری لەسەر دەرەوەش، کۆمەڵێک گۆرانکاری ڕوویدا لە وڵاتانی ناوەڕاست بەتایبەت وڵاتانی ناوەڕاستی بچووک کە پێی دەوترێت جیهانی عەرەبی، یەکێک لەوانە هەناردەکردنی شۆڕش بوو بۆ چەند ناوچەیەک، هاوکات گۆڕانکاری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر کورد لە ناوچەکە بەگشتی چی کوردی ڕۆژهەڵات چی کوردی عێراق لەوانە هەڵوەشاندنەوەی (ڕێکەوتننامەی جەزائیر)[3] کە لەو ڕێکەوتنامەیەدا هاتبوو کورد بە هەموو شێوازێک لە هاوکاریکردنی وڵاتانی ناوچەکە بێبەش دەکرێت، کە کوردی عێراق بەتایبەتی بەدرێژای (پەنجا بۆ حەفتا) ساڵی پێشووتر لانکەی شۆڕش بوو لە هەموو ناوچەکە، بەڵام

---

[1]- زاهیر محەمەدی، هەموو شتێک لەبارەی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران، https://www.peyserpress.com/detail/1180

[2]- هـ . س.

[3]- ڕێکەوتننامەی جەزائیر: ئەم ڕێکەوتنامەیە لە ڕێکەوتی (٦/ئاداری/١٩٧٥) لەنێوان ئێران و عێراقدا مۆرکرا لەمیانەی کۆنفرانسی ئۆپیک لە جەزائیر، بۆ ئەوەی کێسەی سنور لەنێوانیان چارەسەربێت. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(زاهیر مەحمود، هەندێک لە بیرەوەریەکانم دەربارەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان عێراق و ئێراندا، ب. ش، ب. س، ل ١).

لەرێگەی رێکەوتنامەی جزائیر لەگۆڕنرا، هەروەها شۆڕشی نوێیکە لەعێراقدا ڕوویدا لەساڵی ١٩٧٦ بە ڕابەرایەتی یەکێتی کە پێشووتر لەژێر ئابوڵقەیەکی ئابووری ڕاگەیاندندا بوو، ئێستا دەرکەیەکی بۆ کراوەتەوە لەرێگەی ئێرانەوە و سیستەمێکی نوێی هاتۆتە کایەوە کە توانای ئەوەی هەیە هاوکاری کورد بکات لەو پارچەیە، و لەهەمان کاتدا ئەو گۆرانانەی کە لەعێراقدا هێنایە کایەوە بریتیبوو لەوەی حکومەتی بەعس لەوەدەمەدا دەترسا، چونکە بوونی خومەینی بۆ ماوەی(چواردە)ساڵ لە خاکی عێراق١٩٦٣ وایکرد پەیوەندیەکی بەهێز دروست بێت لەنێوان ڕابەرانی شیعەی عێراقی و ئێرانی، خومەینی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەردەوام لەوتارەکانیدا ئاماژەی بەوە دەکرد و دەیوت:" ئێران دەستپێکی شۆڕشەکەیە، شۆڕشەکە درێژتر و فراوانترە کە پێویستە لە عێراق و لوبنان و ئەفغانستان روبدات"[١]، واتا لەو ناوچانە بەزۆری کە دراوسێی وڵاتی ئێران بوون ڕاستەوخۆ یان ئەو وڵاتانەی کە شیعەیان تێدابوو لەوڵاتە جیاجیاکانی کەنداو، بۆ نموونە وڵاتی (لوبنان، سوریا، بەحرین) لەگەڵ وڵاتی یەمەن کە (حووسیەکان)[٢] لەوێبوون.

دوای ئەوەی خومەینی ئەو وتارەیدا کە وتی پێویستە شۆڕش بنێرێتە دەرەوە، ڕاستەوخۆ (سەدام حسێن)[٣] ڕایگەیاند کە رێکەوتنامەی جەزائیر

---

[١]- پیتەر گالبرێس، کۆتایی عێراق، و. سۆران عەلی محەمەد، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢١.

[٢]- حووسییەکان: سەرەتای سەرهەڵدان و گەشەی حووسیەکان دەگەرێتەوە بۆ رێکخراوێکی پەروەردەیی ئاینی، کە لەلایەن کۆمەڵێک زانای مەزهەبی زەیدی شیعە لە پارێزگای (سعدەی باکوری یەمەن) دامەزرێنرا، بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بنەما ودروشمەکانی بە شوێنکەوتوانی. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(بەهرۆز جەعفەر و بیلال ئیسماعیل حەمە، حوسیەکان کێن و چیان دەوێت، http://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=83

[٣]- سەدام حسێن: ناوی تەواوی(سەدام حسێن مجیدە) لە رێکەوتی(١٩٣٧/٤/٢٨)لە گوندی عۆجە سەر بە شاری تکریت لەدایکبووە، ناوبراو پێش ئەوەی لەدایک بێت باوکی مردووە دایکی کە ناوی(سەبحا تولفاح)بوو دووبارە شوی کردۆتەوە بە

هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەوەبوو لەبەرواری (١٧/ئەیلول/١٩٨٠) ڕێکەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە، و کەوتە توند و تۆڵکردنی سنوورەکانی لەو پەیوەندیانەی کە شیعەی عێراق لەباشور هەیانبوو لەگەڵ ئێران، هەروەها بە هەموو شێوازێک دەستیکرد بە چەوساندنەوەی زیاتری شیعەکان لەعێراق، هاوکات ئەم شۆڕشە بووە هۆی سەرەتایی دروستبوونی (جەنگی هەشت ساڵەی)[1](١٩٨٠-١٩٨٨) نێوان عێراق و ئێران[2]، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو کە ئێران عێراقی بەلەسێدارەدانی کەسێتییە شیعییە ئۆپۆزسیۆنەکان تۆمەتبار دەکرد، لەسەرووهەمووشیانەوە(محەمەد باقر سەدر)، هەروەها عێراقیش ئێرانی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە مەزهەبی شیعەی بەکارهێناوە بۆ جووڵاندن و دروستکردنی ڕووداوەکان لە دەوڵەتی دراوسێ و هەوڵدان بۆ ناردنە

---

پیاوێک بە ناوی(ئیبراهیم حەسەن)، هەروەها ژیانی منداڵی ناوبراو زۆر ئاڵۆزە کە وتراوە سەدام منداڵێکی ناشەرعیە، هەروەها ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ(ساجیدە)ژیانی هاوسەری پێکهێنا و دوو کور و سێ کچی هەبووە، هەروەها ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە دەستگیرکرا، دوای ماوەی چەند ساڵێک لە بەردەوامی دادگایی کردنی لە شاری بەغدا لە ڕێکەوتی(٣١/١٢/٢٠٠٦)لە سێدارەدرا. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(سۆران عومەر، ژیانی صدام، ب١-٢، چ٢، ب. ش، ٢٠٠٥، ل١٤-١٣٣؛ میخائیل ڕەمەزان، هاوشێوەکەی سەدام، و. سەعید بەشیر، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٣-٣٤).

[1]- جەنگی هەشت ساڵە: ئەو جەنگە بوو کە لەساڵی (١٩٨٠) ڕوویدا لەنێوان عێراق و ئێران کە عێراق بە سەرکردایەتی(ئایەتوڵا خومەینی) و ئێرانیش بە سەرکردایەتی(سەدام حسێن)، هەروەها جەنگەکە ٧ ساڵ و ١٠ مانگ و١٦ ڕۆژی خایاند و لەساڵی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات، هۆکاری جەنگەکەش ئەوە بوو کە عێراق دەیویست سنوری شەتلعەرەب بگێرێتەوە بۆ خۆی کە لەساڵی١٩٧٤ عێراق دایبووی بە ئێران. بۆ زانیاری زیاتر؛ بڕوانە:(فیبی مار، مێژووی نوێی عیراق، و. حەمە شەریف حەمە خەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٩٦-٢٩٧؛ عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا(١٩٨٠-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٥١).

[2]- چارلز تریب، چەند لاپەرەیەک لەمێژووی عێراق، و. مەحەمەد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهور، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٠٢.

دەرەوەی شۆڕش، بەتایبەتی بۆ ئەو ولاتانەی کەمینەی شیعەیان لە خۆگرتووە[1]، کە کاریگەریەکانی دوای جەنگەکە بریتیبوو لەوەی حکومەتی ئێران یارمەتی شۆڕشی کوردی دا لەو ماوەیە بۆ نمونە، یارمەتی پارتی دەدات کە لەودەمەدا لە ئێران بوون، هەروەها یارمەتی حزبی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیدا و یارمەتی سوسالیستیشیدا و یارمەتی شوعیشیدا، هەروەها دوای وەستانی شەڕی عێراق و ئێران، ناوچە عەرەبیەکان دووچاری کێشەی زۆر بوونەوە بۆ گەرانەوە بۆ شوینەکانی خۆیان کە جەنگ وێرانی کردبوو، هەروەها دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانیش هیچ جۆرە یارمەتیەکی پێشکەش نەکرد بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە زیان لێکەوتووەکان.[2]

لەلایەکی ترەوە ئەم شۆڕشە بووە هۆی ئەوەی ئێرانی لە سۆڤیەت دوورخستەوە، چونکە سۆڤیەت لە شۆڕشی ئێران نیگەران بوون، نەیاندەزانی کە رێبەری شۆڕشی ئێران، لە کۆتاییدا بە چ ئاراستەیەک دەچێتە پێش، بەم هۆکارە سۆڤیەت سیاسەتێکی دووربینانەی لە بەرامبەر شۆڕشی ئێرانی گرتە پێش، بە هیوای ئەوەی کە هێزە چەپەکان و بەتایبەت حزبی تودە، لە ماوەیەکی زەمەنی بتوانێ ئاراستەی دژە رۆژئاوایی شۆڕش و ڕژێمی بەدەستهاتوو لە شۆڕشەکەدا بە هێزبکەن، هەروەها یەک ساڵ دوای سەرکەوتنی شۆڕش سوپای سووری سۆڤیەت، هێرشی کردە سەر گروپە توندڕەوەکانی ئەفغانستان، کە گوایە بە مەبەستی لەسەر کارلادانی (حفیظ الله امین)، رێبەری حزبی خلق لە دەسەڵات، بەڵام لەلایەن رۆژئاوا و جیهانی ئیسلام، بە واتای پەرەپێدان بە دەسەڵات و قەڵەمرەوی لێکدرایەوە، ئێرانیش بە پشتیوانی توند و تەواو لە گروپە جیهادییەکانی ئەفغانستان لە دژی سۆڤیەت

---

[1]- هاوکار ڕەفیق، پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران لە ڕکابەرییەوە بۆ هاوپەیمانی، http://azhans.krd/

[2]- پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولرەحمان و سوزان کەریم مستەفا، س. پ، ل ٦٤.

وەستایەوە[1]، هەروەها لە شەری ئێران و عێراقدا سۆڤیەت هاوکاری عێراقی کرد دژی ئێران.[2]

جگە لەو کاریگەریە دەرەکیانەی کە لەسەرەوە باسمانکرد، شۆڕشەکە کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەخراپ بوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و سعودیە، چونکە سعودیە دڵخۆش نەبوو بە شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ئەوەبوو پاش سەرکەوتنی شۆڕش لە فرۆکەخانەی (زەهران) چەندین فرۆکە لە جۆری F-14ی ئەمریکیی ڕەوانەی بنکەی سەربازیی سەر بە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکیی لەوێ کران[3]، هەروەها دەسەڵاتدارانی سعودیە نۆسەدوپەنجا فەرمانبەری ئەمریکییان وەرگرت، کە پێشتر لەئێران بوون، وێرای ئەوەی سعودیە لە کۆنگرە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەرهەڵستیی سعودیەی بۆ ئەو شۆڕشە دووپات دەکردەوە، بە نموونە لە کۆنگرەی دەیەمی کۆماری عەرەبی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا سعودیە ڕەزامەند نەبوو بە بەشداریی شاندی ئێرانیی، کە داوایانکردبوو نرخی نەوت بە قازانجی بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکە دەستکاریی بکرێت، تەنانەت سەرچاوە ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن، کە سعودیە هەوڵی ئەنجامدانی کۆدەتای داوە لە ڕێگەی بۆردومانکدنی بارەگای خومەینی، لە بەرامبەریشدا دەسەڵاتدارانی ئێران هێرشیان دەکردە سەر سعودیە، بە تایبەت لە پاش پەلاماری گروپێکی چەکدار بۆ سەر کەعبە لە تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا، بەم هۆیەوە ئێستگەی ئێران هێرشی دەکردە سەر سعودیە و بە ئیلحاد و دژە ئیسلام وێنای دەکرد، هەروەها ئێران پشتیوانیی لە گروپە

---

[1]- نوچەنێت، پەیوەندی ئێران و سۆڤیەت کاریگەری لەسەر شۆڕشی ئێران، http://www.nuche.net/?p=133129.

[2]- ٣١ ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا تێپەری، https://www.nrttv.com/News.aspx?id=19507&MapID=2

[3]- بەرزانی مەلا تەها، شیعەکانی سعودیە لەنێوان ناکۆکی مێژوویی و بەریەککەوتنی مەزهەبیدا (بەشی دووەم)، http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=52597&T=

بەرهەڵستکارەکانی سعودیە دەکرد وەک (ڕێکخراوی شۆڕشی ئیسلامیی لە جەزیرەی عەرەبیی)، کە ئێرانیان کردبووە بنکەی خۆیان.

لەلایەکی ترەوە، سعودیە بەردەوامبوو لەسەر دژایەتیکردنی ئێران لە قۆناغی جەنگی عێراق و ئێران هاوکاریەکی لەڕادەبەدەری عێراقی کرد چ لەڕووی مادیەوە بێت یان لەڕووی هاوکاریکردنی ڕاستەوخۆوە بێت، چونکە ئێران لەلایەنی مەزهەبیەوە دژی سونە بوو، هەروەها مەڵگەیەکی کەمی شیعەنشین لە سعودیە هەبوون، و سنورێکی ڕاستەوخۆی سعودیە هەبوو بە یەمەنەوە کە حووسیەکان لەوێ لەسەر مەزهەبی جەیدین، کە پەیوەندیان هەبوو بە ئێرانەوە، بۆیە سعودیە ترسا شیعەکانی ناوەوەی وڵات ببنە مەترسی بۆ سەر سنورەکانی، لەبەر ئەوە یارمەتی عێراقیدا، لەلایەکی ترەوە دەیویست ئێران بڕوخێنرێت بۆ ئەوەی ئەو شۆڕشە نوێیە هەر لەلانکەوە سەر ببڕن بۆ ئەوەی هەر لە سنووری وڵاتی ئێران بمێنێتەوە، و سەڕانی دەوڵەتیش لەو بانگەشە و وتارانە بخەن کە بانگەشەی ناردنە دەرەوەی شۆڕشەکەیان دەکرد لە ئێرانەوە بۆ وڵاتە جیاجیاکانی دەوروبەری ئێران لەلایەک[١]، هەروەها ئەو وڵاتانەی دیکە کە لەدەوروبەری ئێران نەبوون، بەڵام کەمیایەتی شیعە نشینیان تێدابوو، بۆیە سعودیە لەساڵی ١٩٨١ کۆمەکی بە بڕی شەش ملیار دۆلار هاوکاری پێشکەشی عێراق کرد، لەهەمان کاتدا زیاتر لەسەد تانکی لە ڕێگەی کوێتەوە گواستۆتەوە بۆ عێراق، بەم جۆرە شۆڕشەکە بووە هۆکاری خراپ بوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە.[٢]

---

[١]- بەرزانی مەلا تەها، نەخشی مەزهەبگەرایی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیەدا، http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5325

[٢]- بەرزانی مەلا تەها، شیعەکانی سعودیە لەنێوان ناکۆکی مێژوویی و بەریەککەوتنی مەزهەبیدا (بەشی دووەم)، http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=52597&T=

# دەرئەنجام

١.دۆخی ڕژێمی شاهەنشاهی ئێران لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی خەریك بوو بەرە و لادان دەرۆیشت و سیاسەتە ناوخۆییەکانیشی لە ئاستی خواستی میللەتەکەی خۆیدا نەبوو، دەبوو کۆتایی بە تەمەنی سیاسیی بێت، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٧٩ کۆتایی بە دەسەڵاتی شاهەنشاهی هات، ڕژێمێك هەزاران ساڵ بوو بە پاشایەتی بناغەی داکوتابوو، بەڵام زۆرینەی خەڵکی لێی ڕاپەرین و کۆتاییان بەو ڕژێمە هێنا.

٢. بڵاوبوونەوەی بیری چەپ کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر وڵاتی ئێران، بەهۆی دژایەتی کردنی لە ڕادەبەدەری محمد ڕەزا بۆ لایەنی سیاسیی و ئاینیەکان، هەروەها نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکان وە گوێنەگرتن لە خواستو ئیرادەی گەل ڕۆژبەڕۆژ دۆخی ناوخۆی خراپتر دەکرد ئاگری شۆڕشی بەرەو پەرەسەندن هەنگاوی دەنا.

٣. نەیارەکانی دیکەی شا لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هەندێکیان بە سادەیی لە سیاسەت و هەندێکی دیکەشیان بە خەڵەتاندن و ساویلکەیی سیاسیی پاش کەوتن و مەلاکان بە سەرۆکایەتی (ئیمام خومەینی) توانییان لەساڵی ١٩٨١ ەوە گۆڕەپانی سیاسیی و دامەزراندنی دەوڵەت بە گۆڕینی کابینەکانی حکومەت و لابردنی چەند بەرپرس و دانانی کەسانی دیکە لە شوێنیان شوێن پێی خۆیان قایم بکەن و کۆتایی بە هەموو جۆرە ئۆپۆزسیۆنێکی دیکە بهێنن لە ئێران، ئیتر یان ئەوەیە لەناو ئێراندا مانەوە و سەرکوت کران، وەك (تودە) و (مەکتەب قوئان)، یان بەناچاری ئێرانیان بەجێهێشت وەك (موجاهیدینی خەلق) و (حزبی دیموکراتی کوردستان) و (کۆمەڵەی زەحمەت کێشان) و (خەبات).

٤. پەیدابوونی ئاینزا (مەزهەب)ی شیعە لە ناوچەکەدا وەك دەسەڵات و لە هەمان کاتدا ناردنە دەرەوەی ئایدۆلۆژیای شۆڕش بۆ وڵاتانی دیکە، جۆرێکی دیکە بوو لە بەجیهانی کردنی شۆڕشەکە و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ناکۆکی لەنێوان وڵاتانی کەنداو، سوونە مەزهەب، بە تایبەتی عەربستانی سعودیە پەیدا ببێت و تا ئێستاش بەردەوامی هەیە.

٥. شۆڕشی ئێرانی نەیتوانی نوێنەرایەتی سەرجەم نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بێت، بەلووچ و عەرەب و کورد تا ئێستاش کێشەی نەتەوەییان هەیە و دیدگای دەڵەتەکەی ئیمام خومەینی توانەوەیان لەناو کۆمار ئیسلامیدا، بەڵام بە شێوەیەك دواجار نەتەوەیی فارسی کەمینە براوە و سەردەست بێت و ئەوانی دیکەش هیچ ناونیشانێکیان نەبێت و تەنانەت نەتوانن بە زمانی خودا پێدراوی خۆشیان بنووسن و بخوێنن.

٦. مەلاکان بە خەڵەتاندنی خەڵک بە دروشمی ئیسلامییەت بوونە خاوەنی شۆڕشێك، کەوا بڕیاربوو دەنگی هاژاران بێت، کەچی هەر ئەو خەڵکە هەژارەیە کە شۆڕشەکەیان لەساڵی ١٩٧٩دا لەلایەن مەلاکانەوە دزرا، ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەنیازی وەرگرتنەوەی حکومەت لێیان لە هەوڵدان و بۆ ڕێکخستنی شۆڕشێکی دیکە لە مێژووی سیاسیی ئێراندا.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردیەکان:

١.امال کامل السبکی، مێژووی سیاسیی ئێران لە نێوان دوو شۆڕشدا (١٩٠٦– ١٩٧٩)، و. شەماڵ ئەحمەد، چ١، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢. ئەحمەد محەمەد ناسر باوەڕ، دۆزی کورد لە پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئێراندا، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.

٣. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد و خەلیل عەلی مراد، مێژووی ئێران و تورکیا، و. بەهادین جلال مستەفا، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٤. ئەشرەف پەهلەوی، دوو ڕووخسار لە ئاوێنەیەکدا، و. بەرهەم ناودەشتی، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣.

٥. ئیحسان نەزاغی، لە دەرباری شاوە بۆ زیندانەکانی شۆرش، و. ئەحمەد قادر سەعید، چاپخانەی شفان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٦. بەرهەم، مامۆستا ناصری سوبحانی، چ٤، دەزگای بەرهەم، ٢٠٠٦.

٧. پرویز بابای، مێژووی هاوچەرخی ئێران، و. ڕێبوار سەرتیب زەندی، چ١، چاپخانەی زانا، سلێمانی،٢٠١٠.

٨. پیتەر گالبرێس، کۆتایی عێراق، و. سۆران عەلی محەمەد، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩. جەمال بابان، هەندێک دادوەری بەناوبانگ لە مێژوودا یاخود محاکەمەتی مەزن لە مێژوودا، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨١.

١٠. حسین بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، و. ناسر ئیبراهیم زادە، ب٢، چ١، خانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٣.

١١. حسێن مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، ب٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠١.

١٢. سیروان کاوسی، کوردستان لە سەردەمی ڕژێمی حەمە ڕەزا شای پەهلەویدا، ب. ش، ب. س.

١٣. سادقی شەرەفکەندی، هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، چ٢، کتێبی ئەرزان، سوید، ٢٠٠٤.

١٤. عەبدولڕەحمان قاسملۆ، چل ساڵ خەبات لەپێناو ئازادیدا، کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ب١، چ٢، ب. ش، ١٩٨٨.

١٥. چارلز تریب، چەند لاپەرەیەک لەمێژووی عێراق، و. مەحەمەد حوسێن ئەحمەد و عەبدولقادر کەلهور، چ٣، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

١٦. ڕابەر سیوەیلی و ژلیوان هەڵەدنی، سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران(١٩٨٠-١٩٨٧)، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٨.

١٧. زاهیر مەحمود، هەندێک لە بیرەوەریەکانم دەربارەی ڕێکەوتننامەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ لەنێوان عێراق و ئێراندا، ب. ش، ب. س.

١٨. زەکەریا ئیبراهیم، کێشەی ئازادی، و. محەمەد مستەفا قەرەداخی، چ١، خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٩. زەینەب مەهینی ئەسڵ، ململانێی سیاسیی لەنێوان موحافزکاران و ریفۆرمخوازان لە ئێران(١٩٧٩-٢٠١٢)، و. بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٦.

٢٠. ساڵح عەبدولرەحمان ئەحمەد، ڕۆڵی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ژیانی سیاسیی ئێراندا(١٩٤٥-١٩٧٩)، ب. ش، ب. س.

٢١. سۆران عومەر، ژیانی صدام، ب١-٢، چ٢، ب. ش، ٢٠٠٥، ل١٤-١٣٣؛ میخائیل ڕەمەزان، هاوشێوەکەی سەدام، و. سەعید بەشیر، چ١، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٧.

٢٢. شەریف عەلی هەژاری، موجاهیدینی خەلق و هەڵوێستی بەرامبەر نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا(١٩٦٤-١٩٩٤)، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

٢٣. عەباسی میلانی، مەتەڵۆکەی هوەیدا، و. عبدوڵڵا حەسەن زادە، بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی کارۆ، چ١، کوردستان، ٢٠١٠.

٢٤. عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێران دا(١٩٨٠-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٥. غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک. بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٧.

٢٦. فاتیمە سەمادی، تەوژمە سیاسیەکانی ئێران، و. بەرزانی مەلا تەها، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠١٤.

٢٧. فەرەح پەهلەوی، نهێنیەکانی شا و فەرەح، و. مەجید مارابی، چاپخانەی گەنج، چ١، سلێمانی ، ٢٠١١.

٢٨. فەریدە دیبا، کچەکەم فەرەح، و. سەمیر حسێن، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢٩. فیبی مارٍ، مێژووی نوێی عیراق، و. حەمە شەریف حەمە خەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٠. کۆمەڵی ژیانەوە، ئۆپراسیۆنی مروارید، چ١، بڵاوکراوەی هیمەت، ٢٠٠٦.

٣١. لوقمان خەیاڵی، ئێران لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەویدا، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.

٣٢. محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی، وەڵامیک بۆ مێژوو بیرەوەرییەکانی شای ئێران، و. سەعید سەیدی، چ١، ، ٢٠١٣.

٣٣. محمد فاتح، ژیانی سیاسی لە ئێران سەدەی بیستەم، ، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی، هەولێر، ٢٠١٨.

٣٤. محمود ڕەزا ئەمین، شۆرشی ئۆکتۆبەرو چارەنوسی چەند گەلێکی خۆرهەلات، سلیمانی، ٢٠٠٧.

٣٥. نەوشیروان مستەفا ئەمین، پەنجەکان یەکتر ئەشکێنن(دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ) (١٩٨٣– ١٩٧٩)، ب. ش، ١٩٩٧.

٣٦. نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ(دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق١٩٧٥-١٩٧٨)، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٩٧.

٣٧. هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چ١، چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ١٩٩٩.

٣٨. هۆشمەند علی محمود، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەکە لەدۆخی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد(١٩٧٩– ١٩٨٩)، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٣٩. وەلید مەحمود عەبدونناسر، هەڵکشان و داکشانی تەوژمی ئیسلامی پێشکەوتوخوازیی لە ئێران(١٩٦٥-١٩٨١)، و. بەرزانی مەلا تەها، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.

٤٠. یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها، مێژووی هاوچەرخی ئیران، چ١، چاپخانەی سیما ، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٤١. یاسین سەردەشتی، گەلی کورد بزاڤی مەشروتە خوازی، چابخانەی هاوار، سلێمانی، ٢٠١١.

٤٢. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە لە حاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ئێران(١٩٤١-١٩٨٣ز)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٤٣. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران-لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جووڵانەوەی ڕزگارییخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد (١٩٣٩-١٩٧٩)، چ٢، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١١.

٤٤. یاسین سەردەشتی، کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە جوڵانەوەی ڕزگارییخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد(١٩٣٩-١٩٧٩).

٤٥. یودیت نیورینک، شەهیدانی وێڵ، و. بۆ ئینگلیزی: پ.س.ویلیەمز، و. بۆ کوردی: لیژنەیەک لە دەزگای ئاراس، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٨.

## سەرچاوە عەرەبیەکان:

١.امال حمادة، الخيرة الايرانية الانتقال من الثورة الى الدولة، بيروت، ٢٠٠٨.

٢. احمد مهابة، ايران بين التاج و العامة، الطبعة الاولى، دار الحرية، القاهرة، ١٩٨٩.

٣. صادق زيبا كلام، الثورة الاسلامية في ايران الاسباب و المقدمات، ت. هويدا عزت محمد، قاهيرة، ٢٠٠٤.

٤. عبدالسلام عبدالعزيز فهمى، تاريخ ايران السياسى فى القرن العشرين، مطبعه المركز النموذجى بالجيزة، ١٩٧٣.

٥.لقمان خيالى، دراسات فى تاريخ ايران المعاصر، طبعة الأولي، مطبعة كارو، السليمانية، ٢٠١٩.

## سەرچاوە فارسیەکان:

١. احمد کسروی، تاریخ مشروطه ایران، مؤسسة امیر کبیر، تهران، ١٣٧٢.
٢. اسماعیل حسن زاده و طاهر ابو علی، تحلیل مواضع سیاسی روحانیون بهبهان در تحولات انقلاب اسلامی، تاریخ نامه انقلاب، سال اول، دفتر اول، بهار و تابستان١٣٩٦، شماره پیاپی .
٣. اکبر خلیلی، گام به گام باانقلاب، انتشارات سروش، تهران، ١٣٦٠هجری.
٤. بهرام افراسیابی، ایران و تاریخ، از کودتا تا انقلاب، چاپ اول، چاپخانه ارژنک، تهران، ١٣٦٤هـ.
٥. سید جلال الدین مدنی، تاریخ سیاسی معاصر ایران، جلد أول، دفتر انتشارات اسلامی، قم١٣٦١.
٦. فریده دیبا، دخترم فرح، خاطرات فریده دیبا مادر فرح پهلوی، ت. الهه رئیس فیروز، انتشارات به افرین، چ١٦، تهران، ١٣٩٠.
٧. کیانوری نورالدین، پرسش و پاسخ دربارەء مشی سیاسی حزب توده ایران، چاپ أول، شرکت سهای، تهران، ١٣٥٨.
٨. محەمەد حسن صنعتی، پایان پادشاهی، چ٢، نشر بین الملل، تهران، ١٢٨٢.
٩. ویلیام شوکراس، اخرین سفر شاه، ت. عبدالرضا هوشنگ مهدوی، چاپ دوازدهم، چاپخانه اسمان، تهران، ١٣٨١هـ.
١٠. یرواند ابراهامیان، ایران بین دوانقلاب از مشرط تاانقلاب اسلامی، ت. کاظم فیروزمند و دیگران، نشر مرکز، تهران، ١٣٧٨.

## گۆڤار و ڕۆژنامەکان:

١.ئەحمد زادە، سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئێران، پەیامی خوێندکار، ژمارە (٨) ئابی ٢٠٠٨.
٢. پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولرەحمان و سوزان کەریم مستەفا، ڕۆڵی گەلە نافارسەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران١٩٧٩(عەرەب وەک نموونە)،

گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، خولی سێیەم، بەشی(٨)، ژمارە(١)، کانونی یەکەمی ٢٠١٤.
٣. حسن پوور، شۆڕشی ئیسلامی و کەوتنی شا، گۆڤاری یەکبوون، ژمارە(٤)ئابی ٢٠١٦.
٤. حسن زندی، هەردی مهدی میکه، اژی آزاد ابوبکر، کشف حجاب در مناط کردنشین ایران در دوره پهلوی اول (روند اجرا و پیامدنا)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین، ساڵی پێنجەم، ژمارە(١٥)، کانونی یەکەمی (٢٠١٨) .
٥. حوسێن نەقشی، هەڵوێستەیەک لەسەر شۆڕشی ئیسلامیی، گۆڤاری سابات، ژمارە(٧) ئازاری ٢٠١٦.
٦. رەوەند محمود، حکومەتی شاهنشاهی لە سەروبەندی ساڵی ١٩٧٨، رۆژنامەی نیشتمان، ژمارە (١) ٢٠١٦/٤/١.
٧. شەیما سەعید حمەلاو، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران-کۆمەڵە(سازکا)(١٩٦٩-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.
٨. عبدالستار طاهر شریف، خومەینی..خومە بۆ گەلانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردییە، بغداد، ١٩٨٠.
٩. محمد ئەلیاس، سەرەتای شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، گۆڤاری لاوان، ژمارە(١٢)حوزەیرانی ٢٠١٧.
١٠. محمد فەتاحی زادە، سوتاندنی سینەما رکس ئابادان، رۆژنامەی هەناو، ژمارە (٤) ٢٠١٤/١٢/١.
١١. محمد مهابادی، ڕۆڵی موجاهیدینی خەڵق لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا، گۆڤاری پەیامی خوێندکار، ژمارە(٢٢) ئابی ٢٠٠٩.
١٢. هەرێم محمود، شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخاندنی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی، گۆڤاری مەودا، ژمارە (٢)، ئابی ٢٠١٥.

## نامە زانکۆیەکان:

١.سنەوبەر سەردار ستار، شێخ عەزەدینی حوسەینی(١٩٧٩ – ١٩٨٩)، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ٢٠١٦، بڵاونەکراوە.

## سایتە ئەلکترۆنیەکان:

١.بەرزانی مەلا تەها، نەخشی مەزهەبگەرایی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئیران و سعودیەدا. http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5325

٢. بەرزانی مەلا تەها، شیعەکانی سعودیە لەنێوان ناکۆکی مێژوویی و بەریەککەوتنی مەزهەبیدا(بەشی دووەم). =http://www.milletpress.com/Detail.aspx?Jiamre=52597&T

٣. بەهرۆز جەعفەر و بیلال ئیسماعیل حەمە، حوسیەکان کێن و چیان دەوێت. http://www.mirs.co/KU/details.aspx?jimare=83

٤. بیوگرافی مسعود رجوی، http://znameh.blogfa.com/pest/38.

٥. جمشید آموزگار بە روایت اسناد ساواک. http://gozarestan.ir/show.php?id=948

٦. چەناڵی قوتابخانەی ژیان لە ماڵپەری. (https://www.youtube.com/watch?v=3An9tv8Ne-20)

٧. زاهیر محەمەدی، هەموو شتێک لە بارەی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران. (https://www.peyseress.cem/detail/1180).

٨. زندگینامە مهندس بازرگان_بنیاد فرهنگی مهندس مهدی بازرگان. (https://bonyadbazargan.com/).

٩. ژیاننامەی مامۆستای شەهید ناسری سوبحانی. https://qadirzada.com/Mamosta-Nassr-subhani-23-11-2017.html.

١٠. علی مورشید زادە، حیزبی تودەی ئێران(سەرهەڵدان و هەڵوەشاندنەوەی). http://www.milletetpress.cem

١١. قاسم العجرش، رستاخيز ملت ايران.
.( http://burathanews.com/news/184086.html
١٢. مۆفەق میراودەلی، موجاهیدینی خەلقی ئێران و ڕۆڵی لە سەرکوتکردنی ڕاپەرینی ١٩٩١دا، ماڵپەری کوردستانی نوێ، ٢٠١٨/٣/١٩، https://knwe.org/?p=١٣٥٨١
١٣. نورالدين كيانوری، .(https://www.bbc.com/persian/iran-47077281
١٤. نوچەنێت، پەیوەندی ئێران و سۆڤیەت کاریگەری لەسەر شۆڕشی ئێران، http://www.nuche.net/?p=133129
١٥. هاوکار ڕەفیق، پەیوەندییەکانی عێراق و ئێران لە ڕکابەرییەوە بۆ هاوپەیمانی، /http://azhans.krd
١٦. ٣١ ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا تێپەڕی، https://www.nrttv.com/News.aspx?id=19507&MapID=2
17. http://cultureproject.org.uk/Kurdish/iran١٩٧٩-foto-story
18. https://dkhlak.com /farah – Pahlavi – empress-of- iran/